ئەو تیۆرانەی پەیوەستن بە وڵاتەوە

و: صبور حەمەشەریف

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ناتوانین گرنگی کوردستانی گەورە دیاری بکەین، سەرچاوەی مەترسی دەوری داوە ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ یاداشتەکانی تیۆرە جیۆپۆلەتیکیەکان کە پەیوەندیان بە شیکردنەوەی جیۆستراتیژی وشوێنی جوگرافیەوە هەیە. ئەم بیردۆزانە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا زۆربەیان دەرکەوتن و لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. زۆربەیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە شوێنی کوردستانی گەورە ترسناکە لەپاش شیکردنەوە جوگرافی و مێژوویی ئەم شوێنە, بەشێوەیەکی تایبەت لەپاش لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل لەسەر ژینگەی جوگرافی. ئامانج لەم لێکۆڵینەوانە ئاگادارکردنەوەی هێزە ئیمپریالیستییەکان و سەرنج ڕاکێشانیان بۆ ئەوەی حەتمیەتی هەستانەوەی هەندێك نەتەوە بەتایبەت نەتەوەی کورد کە مێژویەکی درێژینی پڕلە سەروەری هەیە و تایبەتمەندە بە شارستانیەتێکی یەکبوو کە هەندێکی کەم گەلانی جیهان ئەم تایبەتمەندیەیان هەیە.

لەم بیردۆزە ستراتیژیانە بیردۆزی هێزی وشکایی (هالفۆرد ماکندەر), و بیردۆزی هێزی دەریایی (ئەلیزیە ماهان)ـە, وەبیردۆزی بەیەکدا کێشانی (نیکۆلاس سبایکمان)ـە, بیردۆزی هێزی ئاسمانی (ئەلیکسەندەر سفرسکی). ئەگەر ناوەرۆکی ئەم بیردۆزانە و ئەم گریمانانە نەزانین و لێی نەگەین کەپەیوەندیدارن و وابەستەن بە گریمانەکانی پەیوەست بە شوێنی کوردستانەوە, کە زۆرجار نوسەری کتێبەکان دایان ناوە و کۆیان کردونەتەوە لەژێر ناونیشانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، لە هەوڵێکیاندا بۆ سانسۆرکردنی سەودای جوگرافی جیاواز و تواندنەوەی کەسایەتی کوردی بێلایەن. ئەگەر ئەم لایەنی زانستیە کە زانستی جوگرافیای سیاسییە پشتگوێ بخەین, ناتوانین

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بگـەین بـە شـیکردنەوەیەکی ورد بـۆ گرنگـی کاریگـەری بنکـە داگیرکاریـەکان و ئیمپریالیستیەکان و چیتر لە هێزەکانی ناوچەکە کە کوردستانی ئەمڕۆی تێدا دەژی. ناتوانین پەی بەم پەیوەندیە بابەتیە ببەین بە بیروباوەڕێکی تەواوەوە هەتاوەکو نەچنە بنج و بناوانی ئەوەی جیۆستراتیژ دەیدات بەدەستەوە لەم بیردۆزانەدا و وابەستەیی ئەوان بە شانۆی جوگرافیای کوردستان بۆ نرخاندنی ئامادەکاری نێودەوڵەتی.

لێکۆڵینەوەی یەکەم

هالفۆرد ماکندەر (Halford J.Mackinder) ١٨٦٠ – ١٩٤٧ ز

زانایـەکی جـوگرافی ئینگلیـزە زۆری لێکۆڵینـەوە و راپـۆرتی زۆری نوسـیوە لـە بـواری جوگرافیـای سیاسـی. مامۆسـتابوە لـە زانکـۆی ئۆکسفۆرد و زانکـۆی لەنـدەن. زۆر لـە پلەوپایـەی حکـومی بینیـوە. و ڕوونـاکی خـستۆتەسەر زۆر لـەو بیردۆزانـەی کـە چارەسـەری بابـەتی ململانێـی هەمیـشەیی بـۆ بـە ئامـانج گەیانـدنی دەسـت بەسـەراگرتنی جیهـانی, لەوانـە بـیردۆزی هێـزی دەریـایی کـە (ماهـان) دایهێنـاوە. هەروەها ئەو ڕووداوانە کاریان تێکردووە کە لە ژیانیدا بینیونی وەکو جەنگی خواروی ئەفەریقیا لەنێوان بەریتانیاو بوێردا ڕوویدا و بەردەوام بوو تا سـاڵی (١٩٠٢ز). وەهـەروەها ئـەو جەنگـەی کـە لـەنێوان یابـان و ڕوسیادا ڕوویـدا لەناوچـەی مەنشوریا. ئـەم ڕووداوانـە و ئـەوەی لـەلای کۆبووبـووەوە لـە تێبینـی و زانیـاری بـۆ ماوەیـەکی دووردرێـژ پـاڵی پێوەنا کە بچێتەوە بە لێکۆڵینەوەی (کۆچی لـەدوای یـەکی خێڵـەکان کە دەگەڕان بەدوای ناوچەی درەختیلـەی (ئیستبس) لەناوەڕاستی ئاسیا بـەرەو ئـەورووپا و ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و هیندسـتان و چـین لـە سـەدەکۆنەکان و سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا). لـەم لێکۆڵینەوانـەدا ماکنـدەر

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

توانی بگات بە جۆرێك پەیوەندی لەنێوان ڕووداوە مێژووییەکان و هۆکارە جوگرافیەکان. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بوون بەهۆی دانانی بیردۆزێکی تازە یان تیۆرێك کە هەست پێکردنی تەواوەتی دەربڕێت لەجۆری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەهەمان کاتدا یارمەتی بۆ بۆچوونەکان کە ڕوو دەدەن و تازەدەبنەوە لە ڕووداوە ڕامیاری و سەربازیەکان لە پاشەڕۆژدا. وەکو دەستکەوتێك لە هەوڵ و کۆششی زانستیانە ماکندەر بیردۆزەکەی خۆی کە بەناوبانگە بە ناوی (دڵی زەوی Heart Land) دانا، یان زۆرجار بەبیردۆزی (هێزی وشکایی) ناوبردووە، ئەم بیردۆزەشی لە مقالەیەکدا هاتووە کەلە تەوەرەی (جوگرافیا بۆ مێژوو The geographical pivot of history) لەبەردەم کۆمەڵی جوگرافیناسانی شانشینی بەریتانیادا پێشکەشیکرد لە (٢٥) ی شوباتی (١٩٠٤ز).

ئەم بیردۆزەش یارمەتی و هاوبەشیەکی کاریگەری کرد لەگۆڕەپانی زانستی جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیك, توانی هێزە ڕامیاریەکان لەجیهاندا بنرخێنێت لەبەرڕۆشنایی هۆکاری جوگرافی هەرێمی لەسەر بنەمای دابەشکردنی وشکایی و ئاو لەسەر ڕووی زەوی. کاتێك ماکندەر ئەم بیردۆزەی دانا واهەستی دەکرد کە سەرەنجامی ململانێی هەمیشەیی و بەردەوام بە ئامانجی سەرکەوتن لەکۆتاییدا لایەنی هێزی وشکاییە نەك لایەنی هێزی دەریایی.

بۆ بەڵگەنەویست ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی ناوە :-

ماکندەر سەرنجیدا کە (٤\٣) ی ڕووبەری گۆی زەوی ئاو دایپۆشیوە. تەنها هەر ئەمەش نا, بەڵکو (٣\٢ ی ٤\١) دوو لەسەر سێی چواریەکەکەی تری وشکایی ئەو زەویەیە کە کەکیشوەرەکان داگیریان

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کـردووە (ئـەورووپا و ئاسـیا و ئـەفریقیا). پاشـان بـەوردی تێڕوانینـی بەشی زۆری ئاوەکەی داو ناساندی بەیەکەیەکی سروشتی تەواوکەر و نـاوی لێنـا (ئۆقییانوسـی جیهـان Worldocean) هەرچـۆن سـەیری هەرسـێ کیـشوەرەکەی کـرد و وەکـو یەکەیـەکی سروشـتی نـاوی لێنـا (دوورگــەی جیهــان World Islond). هــەروەها بینــی (٨\٧) ی دانیـشتوانی جیهـان لـەم بەشـەی زەویـدا نیـشتەجێ بـوون (ئۆراسـیا و ئەفەریقا)، لەکاتێکدا هەشتیەکی (٨\١) ی دانیشوانەکەیتر دابەش دەبن بەسـەر کیـشوەرەکانیتردا و دوورگـە پـەرش و بڵاوەکـان لـە دەریـا و ئۆقیانوسـەکاندا. هـەروەها سـەرنجی دا لـە پێدەشـتە فراوانـەکانی نـاو قـوڵایی وشـکاییەکان لەبەشـەکەی ئۆراسـیا کـە چـواردەوری گـیراوە بـە پەرژینێکی سروشتی لە هەموو لایەکەوە. ئەم پێدەشتانە ئەوانەن کەلە (بـەرزەخ) لـەنێوان دەریـای (بـەڵتیق) لـە بـاکورەوە و دەریـای ڕەش لـە باشــورەوە و بۆمــاوەی (٢٥٠٠) میــل هــەتاوەکو ڕووبــاری (یەنــسای Yenisy) یان گردۆڵکەکانی (لینالد) لە ڕۆژهەڵاتەوە. یان بەواتایەکیتر ئەو پێدەشـتە گەمارۆدراوانـەی لـەنێوان ئۆقیانوسـی بەسـتەڵەکی بـاکور هەتاوەکو بەربەستەکانی ئەو چیایانەی کە درێژ دەبنـەوە لـە تورکیـاوە هــەتاوەکو مــەنغۆلیا. ئــەم پێدەشــتانە ســنووردارن بــەو شــێوەیەی باسمـانکرد ڕووبـەرێکی فـراوان کـە مەزەنـدە دەکـرێ بـە (٤) ملیـۆن میـل دووجـا. ئــەم زەویــە پێدەشــتانە بــەوە جیادەکرێنــەوە کــە خــاوەنی توانایــەکی ئــابووری گــەورەیان هەیــە بــەهۆی دەوڵەمەنــدی داهــاتی سروشتی تیایاندا و ئەم دەشـتە کـە ماکنـدەر نـاوی لێنـاوە (دڵـی زەوی) یــان (ناوچــەی ڕەش) لەبەرئــەوەی تایبەتمەنــدی جوگرافیــان هەیــە و دەپـارێزرێن لـە هـەموو هێرشـێکی دەرەکـی. بەشـێك لـە ڕووبارەکـانی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

جیادەکرێنـەوە بـەوەی دەڕژێنـە دەرەوە وەکـو ڕووبـاری (ليناوينـسا, ئـوبی) کـە ڕێـڕەوی ئاوەکـەی بـەرەو بـاکورە و وە بەشـێکی تـری ڕووبارەکانی دەڕژێنە ناوەوە واتا ڕێڕەوی ئاوەکەی ڕووەو گۆماوەکانی ناوەوەیـە وەکـو چـەند دەریاچـەیکی سـوێری داخـراو, وەکـو ڕووبـاری (ڤۆڵگا) دەڕژێتـە دەریـای قەزوینـەوە, و ڕووبـاری (سـەيحون , جـەيحون) دەڕژێتـە دەریـای (ئـارال)ـەوە. ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ ڕووبارەکـانی دوورە لە دەسکەوتی گواستنەوە و گەیاندنی دەریایی و ڕووباری.

ئـەو دەروازە ئاویـەی کـە دەتوانرێـت لـەو ڕێگەیـەوە هێـزە دەریاییـە هێرش بەرەکان بتوانن بگەنە ئەم دڵە ئەویش دەریای بەڵتیقە و دەریـای ڕەش, بـۆ زانیـاریش ئـاوی دەریـای بـەڵتیق کـەنارەکانی دەیبەسـتێ بـۆ ماوەی سێ مانگ لە ساڵێکدا. بەڵام سنوورە وشکاییەکانی ئـەم دڵـە بـێ خەمن لە هێرشـی دەرەکی ئەمـەش بـەهۆی بوونی بەربەسـتی چیایی و گردۆڵکـەیی کـە ئەمـەش دەبێتـەهۆی بێخـەمی. لـە باکوری ڕۆژهـەڵاتی ناوچەی دڵەکە هـەرێمی (لينالـد Lenaland), ئـەم هەرێمـە بريتييـە لـە گردۆڵکـــەی زۆرســـەخت لەگـــەڵ ناوچـــەی ڕۆژهـــەڵاتی (ســـيبريا) کـــە ڕووبەرەکـەی دەگاتـە (٣) مليـۆن ميـل چوارگۆشـە. بـەڵام لای باشـوری ڕۆژهەڵات چەند زنجیرە چیای تەسك هەیـە گرنگتریـنیـان چیـای (ئـەڵتای Altai) و چـیـای (تيـان شـان Tienshan) کـە درێـژ دەبنـەوە بـەناو بیابـــانی وســـتی هـــەرێمی (مـــەنگۆليا Mangolia) و (ســـنکيانك Sinkiang) و لای باشـوریەوە چـیاکانی (هنـدکۆش) و گردۆڵکـەکانی ئەفغانـستان و ئێـران لەگـەڵ دڵەکـەدا سـنووردارە. هـەروەها چـیاکانی (قـەفقاس) درێژدەبنــەوە لــەنێوان دەریــای خــەزەر و دەریــای ڕەش. و گردۆڵکەکانی (ئەرمینیا) دەکەونـە پشت ئـەم کێوانـەوە. لـەلای باشـوری

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕۆژئاواوه چیای (کربات) هەیه کە بەربەستێکی بەرگری سروشتیيه. و دەریای (بەڵتیق) و (فەیافی لایلاند Lappland) له باکوری خۆرئاواوه. بەڵام ئۆقیانوسی بەستەڵەکی باکور هاوسنووره لەگەڵ دڵەکەدا له باکورەوه بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، کە دووره لەهێڵی کەشتیەوانی و دەریاوانیەوه لەبەر بەستەڵەکی هەمیشەیی بە درێژایی ساڵ جگە له ماوەیەکی کەم له هاویندا و لەنزیك کەنارەکانەوه.

کەواتە لای ڕۆژئاواوه تاکە لایەکە زەوی پێدەشت دەنوێنی و دەکەوێتە نێوان چیای (کربات) له دەریای بەڵتیق. ئەمە لەبەر ئەوه دادەنرێت بەسەرچاوەی مەترسی بۆ دڵی زەوی لەبەر ئەوەی چەندجارێك بەکارهاتووه بەدرێژایی مێژوو لەلایەن چاوچنۆکەکانەوه بۆ دەستبەسەراگرتنی ئەم ناوچەیه.

لەو جیاوازیانەی ئەم دڵەی زەوی هەیەتی ئەوەیە چەقی جێگەوشوێنی جوگرافیەتی بەنسبەت ڕوسیاوه، و ئاسانی جموجوڵ پێشکەش دەکات بەهۆی تەختی و فراوانیەوه.

لەبەرئەوه ماکندەر وا هەستی کرد توانای بڵاوبوونەوەی هێڵی ئاسن لەهەموو لایەکیەوه و بەکارهێنانی ئاسمانیش بۆ گواستنەوەی ناوخۆ ئاسانه، کە ئەمەش دەبێتەهۆی فراوان بوونی فشار لەسەر هەموو لایەنەکان. وه ئەم ئەگەرەی بەدەست هێنا لەو ڕووداوه مێژووییانەی کەبەسەر ئەم ناوچەیەدا هاتووه، جێگای نیشتەجێی کۆمەڵە شوانه گەڕۆکەکان کە خاوەنی ئەسپ و حوشترن، ئەو کۆمەڵانەی هێرشەکانیان بە درێژایی مێژوو بەرەو ناوچە دراوسێکان کردووه بووەتەهۆی فشارێکی کاریگەر بۆناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و هەروەها بۆسەر کیشوەری

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەوروپا. سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان بە داگیرکردنی دڵی زەوی نەکردووە لەدەرەوە لە مێژووی کۆن و ناوەڕاستدا.

یەکێك لە سیفەتەکانی فراوانی ئەم پێدەشتە جیاوازی بەرگریکردن لە قوڵاییدا Defenceindepth دەبەخشێت بە ڕوسیا وە هەلومەرجی کات space for time دەبەخشێت بە ڕوسیا بەتایبەتی لەکاتی کشانەوەی هێزەکان بەرامبەر دوژمن. ماکندەر لە ڕاستکردنەوەکەی لەم دواییەدا ئەوەی زیادکردووە ساڵی (١٩٤٣) کە ئەم دڵە سامانی سروشتی هەیە بەقەدەر هەموو سامانەکانی سەرزەوی و ژێرزەوی کە لە زەویەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا هەیە بەیەکەوە. هەروەها ئاماژەی بە پێشکەوتنی پیشەسازی کردووە کە هەرێمی باشوری ئۆرال بەدەستی هێناوە, هەروەها لەناوچەی Kuznetas کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری یەنسای.

لەبەر ڕووناکی ئەم تایبەتمەندیانە, ماکندەر بیروڕای خۆی دەرخست کە دەڵێ: ئەگەر بوار بدرێ بەهێزێك لە هێزە جیهانیەکان دەست بگرێت بەسەر بەشی ئۆراسیا-ئەفەریقادا (دوورگەی جیهان) ئەوا ئەم هێزە بارێکی گونجاوی وای دەبێت پاڵی پێوەبنێ بۆ دەست بەسەراگرتنی هەموو جیهان هەتاوەکو دەسەڵاتی کێشابێت بەسەر دوولەسەرسێی (٣\٢) ی ڕووبەری بەشی وشکایی لە ڕووی زەوی کە حەوت لەسەر هەشت (٨\٧) بەش لە لە دانیشتوانی جیهانە. و لەسەر ئەم بنەمایە لە توانای هیچ هێزێکی تردا نییە بەرەنگاری بکات. ئەوکاتە دەسەڵاتی هێز لەلایەن هێزی وشکاییەوە دەبێت و زاڵ دەبێت بەسەر هەموو بنکە دەریاییەکاندا کە دەکەونە کەنارەکانی وشکایی و دەسەڵاتی بەسەردا هەیە. لەم بنکانە (جەبەل تاریق, کەنداوی سویس,

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تەنگەی باب مەندەب و عەدەن, تەنگەی هورمز, بۆمبای, سەنگافورە, ... هتد) . لە فراوانی ئەم هێزە وشکاییە و بەو سامانە سروشتیە سەرکەوتووە و دانیشتوانە زۆرەی دەتوانێ بۆخۆی هێزێکی دەریایی گەورە دروست بکات و ئەوەی بیەوێت دەیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە لەو دوورگە نزیکانەی کەنارەکانی و زەویە ڕووتەڵەکانیتر. توانای بەئامانج گەیشتنی دەست گرتن بەسەر زەوی ئۆراسی-ئەفەریقی لەلایەن هێزێك کە پێدەشتەکانی ناوەوە لەبەشی ئۆراسیا کە پارێزراوە بە بەشێوەیەکی سروشتی.

ئەو هێزەی ئەم پێدەشتە داگیردەکات ناکەوێتەبەر هیچ هێرشێك جگە لەو هێرشەی کەلە ڕۆژئاواوە دەکرێتەسەری. لەبەر ڕووناکی ئەم تێبینییەی دوایی ئەو هێزەی کە دەتوانێ دەست بگرێت بەسەر دڵی زەویدا دەتوانێ سامانەکانی بەبەرهەم بهێنێ بۆ دروستکردن و پێشخستن و پێگەیاندنی وڵاتێکی کشتوکاڵی – پیشەسازی خاوەن هێز و توانا. ئەم پێشکەوتن و پێگەیشتنە هەلی ئەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت بۆ ئەم دەوڵەتە بەهێزە کە بەرەو دەرەوەی سنوورەکەی خۆی دەرپەڕێت و هەستێت بەداگیرکردنی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. لەمەشەوە هەلی بۆ دەرەخسێ دەست بگرێ بەسەر هەموو بەشە وشکاییەکەدا. وەئەگەر ئەمەش ڕوویدا بە تێپەڕبوونی کات وای لێ دێ کە توانای ئەوەی هەبێت ئوسترالیا و هەمووبەشەکانی نیوەی ڕۆژئاوای گۆی زەوی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی.

ماکندەر ئەورووپای دابەشکرد بۆ دووبەش و ناوی لێنان (بەشی ڕۆژهەڵات , بەشی ڕۆژئاوا) وە هێڵی دابەشکردنی ئەم دووبەشەی دانا کە درێژدەبێتەوە لە دەریای ئەدریاتیکی لەباشورەوە بۆ دەریای بەڵتیق

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لەباکور. بەواتایەکیتر هێڵێکی خەیاڵی دانا درێژ ببێتەوە لە بەندەری (تریستە) وە لەسەرکەناری دەریای ئەدریاتیکی تاوەکو بەندەری (ستیتین Stettin) لەسەر کەناری دەریای بەڵتیق. بەشە ڕۆژهەلاتیەکەی ئەوروپای دانا بە مێژووی ململانێ کە ڕوویانداوە لەنێوان کۆمەڵەکانی (تیوتۆنی) و کۆمەڵەکانی (سلاڤی). هەروەها سەرنجی ئەوەشیدا کە لەنێوان ئەم هێزانەدا هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی هاوکێش بەشێوەیەکی نەگۆڕ و سەرکەوتوو بە ئامانج نەگەیشتووە لەسەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا. ماکندەر ئاماژەی کردووە بۆ ئەوە کە کۆمەڵە تیۆتۆنیەکان دەست بگرن بەسەر ڕۆژهەلاتی ئەوروپادا تاوێك و تاوێکیتر کۆمەڵە سلاڤیەکان لە ڕوسیا دەستی بەسەردا بگرن, ئەمەش لەبەرەنجامی بوونی جۆرێك لە پێکدادان لە نێوانیاندا و ئەمەش دەبێتەهۆی سەرکەوتنی یەکێکیان لە تاوێکدا (ماوەیەکدا).

ماکندەر دەستنیشانی دڵی دووەمی کرد کە بچوکترە لە دڵە سەرەکیەکە و ناوی لێناوە (دڵی باشور) جیاوازە لە دڵەکەتر کە دەکەوێتە باکوری گۆی زەوی . وە ئەم دڵەی دیاریکردووە لە کیشوەری ئەفەریقادا بە باشوری (بیابانی گەورە) , وە ئەم بیابانەی داناوە بە بەرگری سروشتی کە جیای دەکاتەوە لە کۆمەڵە قەوقازیەکان و کۆمەڵە زنجیەکان , ماکندەر سەرنجی داوە کە هاوشێوەییەك هەیە لە ڕێڕەوی ئاویهەردوو دڵەکەدا , کاتێك کە بینی ئاوی دڵی باشور لە گردۆڵکەکانی ناوەوە هەڵدەقوڵێ و بۆ ڕووباری (نەیجیریا , کۆنگۆ , زمبیزی , ئۆرنج , لمبۆبۆ) کە ڕێڕەوی ئاوەکانیان بۆ کەشتیەوانی ناشێت لەبەر بوونی تاڤگەی زۆر لە نزیك ڕژانە ناو دەریا و ئۆقیانوسەکانەوە کە دەبنە بەرگر لەبەردەم ئەم چالاکیەدا . لەبەر ئەمە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دڵی باشور بێترسە لە هێرشی هێزە دەریاییەکان لە ڕووبارەکانەوە . هەروەها هاوشێوەن لەڕووی ڕووپۆشی ڕوەکیەوە کە هەردوو دڵەکە جەنگەڵ و دارستانی چڕ ڕووبەرێکی فراوانی داپۆشیوە . وە نیشتمانی عەرەبی داناوە بە پردێك کە هەردوو دڵەکە بەیەك دەگەیەنێت (ئەگەر سەیری نەخشەی کوردستانی گەورە بکەی دەبینین سەری باکوری ئەو پردەیە کە ماکندەر ئاماژەی بۆکردووە) . کاتێك کە هەردوو دڵەکە دەگەن بەیەك بە درێژایی ماوەی (٨٠٠) میل لە ڕوباری نیل لە ڕۆژئاواوە هەتاوەکو ئەودیوی فورات لە ڕۆژهەڵاتەوە , وە هەروەها ماوەی (١٨٠٠) میل لە چیای تۆرۆس لە باکورەوە بۆ کەنداوی عەرەب لەباشور .

ماکندەر دەرکی بە کەوانەیی کرد لەناوچە کەناریەکان کە دەوری دڵی زەوی داوە ناوی لێنا (کەوانەی ناوەوە Inner cerscent) . ئەم کەوانەش پێك دێت لە کەنارەکانی ئەوروپای خۆرئاوا و بیابانی نیوەدوورگەی عەرەب و هەرێمە وەرزیەکان لە کیشوەری ئاسیادا وەکو هیندستان لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا بەشی گەورەی چین , بەشێك لە دەوڵەتەکانی کەوانەی ناوەوە جیاوازن بەوەی کە دەریایین لە دەرەوە وە بەرەو ناوەوە وشك و ڕوتەڵەن . بەڵام ئەوەی هاوبەشە لە هاوشێوەی سروشتی دەردەکەوێت لە ئاوڕێژگەی ڕووبارەکانی کە دەشێن بۆ کەشتیەوانی , وەکو ڕووباری (ڕاین , ئەلب , دانوب , یانجستی) بەرەو دەریا کراوەان بۆ کاری کەشتیەوانی , سەرەڕای ئەمەش بەپیتی ئەم پێدەشت و دۆڵانە و بارانی زۆر کە بووەتەهۆی ئەوەی چڕی دانیشتوان تیایاندا زۆربێت . وە کەوانەی ناوەوە ئەم وڵاتانەی گرتۆتەخۆ (

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

فەرەنسا , ئەڵمانیا , ئیتاڵیا) . وە هەریەك لە (ئینگلتەرا و یابان) دوورگەی نزیكن لە كەنارەكانی ڕۆژئاوای ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا .

ماكندەر بینی پەیوەندی بەهێز هەیە لەنێوان دڵی زەوی و ناوچەی كەوانەی ناوەوە لەزۆربوونی فشار لە لایەن دڵەكەوە بەرەو كەوانەكە و كەنارەكانی . وە ئەم فشارەش زیاد دەكات بە توندی بەهۆی ڕاكێشانی هێڵی ئاسن كە دەبێتەهۆی ئاسانی جوڵە و دەسەڵات بەسەر هەرێمەكانی كەوانەی ناوەوە لە داهاتوودا .

ماكندەر كەوانەیەكی دەرەكی جیاكردەوە كە دەوری كەوانەی ناوەوە دەدات ناوی لێنا (كەوانەی دەرەكی Outer crescent) وە ئەم كەوانەش پێك دێت لە زۆربەی ئەو ولاتانەی كە هێزی دەریایی دادەنێن بە بنەمایەك بۆ هێزیان . ئەو وڵاتانەی كە جێگەوشوێنی دوورگەیی خۆیان قۆستووەتەوەوە لە سەردەمێكەوە كە جوگرافیا ئاشكرای كردون سودی لە ئازادی كەشتیەوانی وەرگرتووە لە هەموو دەریاكانی جیهاندا وە بنەماكانی داگیركاری دەریاییان دامەزراندووە لە مێژووی سەردەمدا . وە ئەم وڵاتانەش وەكو (بەریتانیا , یابان , ویلایەتە ئەمریكیەكانی باكور) . ماكندەر ئەم وڵاتانەشی خستەسەر كەوانەی دەرەكی (ئەمەریكای لاتینی , ئوستراليا , ئەفەریقا , باشوری بیابانی گەورە) .

وە جێگەی سەرنجە ماكندەر گرنگیەكی وای نەدا بە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا هەتاوەكو ڕاستكردنەوەی بیردۆزەكە ساڵی (١٩٤٣) , ئەویش دوای ئەوە بینی سنورێكی دانا بۆ هەردوو جەنگەكەی جیهان , وای لێهات هێزەكانیتر لە ڕۆژئاوای ئەوروپا ببن بەشێوە پاشكۆیەكی ئەو . لەم بارەیەوە ووتویەتی : ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا تاكە وڵاتە كە بتوانێت ببێت بە هێزێكی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ململانێکـــەری دڵـــی زەوی لەبـــەر توانـــا گـــەورە و ئامادەکاریـــە نێودەوڵەتیەکانی , لەبەر ئەوە مێژووی جیهانی پڕە لە ململانێی نێوان هێـــزی وشـــکایی و دەریـــایی . بـــەڵام ســـەرکەوتن بـــەلای هیـــچزە وشکاییەکاندا دەشکێتەوە لەبەر ئەوەی سەردەمی وڵاتە دەریاییەکان بەسەرچوو و تێپەڕی لەو کاتەوەی کە دۆزینەوەی جوگرافی نەماوە .

ماکندەر سەیری هێزی ئاسمانی کرد وەکو چەکێکی تەواکەری هێزی زەمینی و وشکایی بێت نەك لایەنی هێزی دەریایی , ئەمەش لەبەر جێگەوشوێنی چەقی جوگرافی دڵی زەوی کە تایبەتمەندیەکی گەورەی پێ دەبەخشێت لە شەڕی ئاسمانیدا . وە لەسەر ئەم بنەمایە بەکارهێنانی دەریایی هەرچوارلای دڵی زەوی زۆر سەخت و کارێکی نەکراوە بەبێ ڕەزامەندی هێزی وشکایی دەبێت , لەبەر ئەوەی ئەم هێزانە دەتوانن ڕێگەی کەشتیەوانی دابخەن بەیارمەتی هێزی ئاسمانی کە لە بنکەکانیدا جێگیرە .

ئەو داڕشتنە جیۆپۆلەتیکیەی ماکندەر دایڕشتوە ئەوە دەگەیەنێ , هەستکردن بەو مەترسیەی کە ڕووبەڕوی ئەم جیهانە دەبێتەوە لە دروست بوونی وڵاتێکی کیشوەری گەورە لەناوچەی دڵی زەوی کە توانا و هێزی هەبێت بۆ فراوان بوون لە ناوچە دراوسێکانیدا لە کیشوەری ئۆراسیا کە زۆری سامانە سروشتیەکان و جۆراوجۆریان لەم ناوچە کیشوەریەدا دەبێتە گرنتی دروست بوونی گەورەترین هێزی شەڕانی لە جیهاندا ئەمەش بەسە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی بیرۆکەی ئیمپراتۆریەتی جیهانی . بەمەش دوورگەی جیهان دەبێتە شانۆیەکی گەورە و بنکەیەکی زەبەلاحی هێزی وشکایی و دەریایی و ئاسمانی , هیچ بوارێك بۆ بەشەکانی تری جیهان نامێنێتەوە جگە لەوەی خۆیان

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بخەنە ژێربالّی . ماکندەر پێشنیاری کردووە بۆ ئەم شێوە ولاّتە یەکگرتنێك لەنێوان ئەلّمانیا و ڕوسیا ڕووبدات , جا ئەم یەکگرتنە بە ڕێککەوتن بێت یان دەست بەسەراگرتن . بۆچوونی وابوو کە ئەلّمانیا هەولّ دەدات دلّی زەوی داگیربکات بۆ فراوانکردنی قەلّەمڕەوی بەسەریدا و پاشان دەست بەسەراگرتنی هەموو جیهان , ئەمەش لەبەر نەبوونی کۆسپ و ڕێگر لەنێوان پێدەشتی ئەلّمانی و ڕوسی . لەماوەی شەڕی دووەمی جیهاندا نوسیویەتی بەدلّنیاییەوە ئەگەر یەکێتی سۆڤیەتی جاران بەسەرکەوتوویی بەسەر ئەلّمانیادا لەشەڕ بهاتایەتە دەرەوە ئەوا دەبووە گەورەترین گەورەترین هێزی وشکایی لەسەر ڕووی زەوی لەبەر ئەوەی بەهێزترین شورەی ستراتیژیە لە جیهاندا . ئەگەر توانی دەست بگرێت بەسەر دوورگەی جیهاندا ئەوا جیهانی تازە گەمارۆدەدرێت لە ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاواوە وەکو دوورگەیەکی کەم کێش و هێز لەبەردەست دوورگەی جیهانیدا .

لەسەر ئەم بنەمایە ماکندەر بیردۆزەکەی خۆی دانا بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- هەرکەس حوکمڕانی ئەورووپای ڕۆژهەلاّت بکات دەست دەگرێت بەسەر دلّی زەویدا , لەبەرئەوەی بە دەرگایەکی کراوەی داناوە بۆ ناو دلّەکە .

٢- وەهەرکەسێك حوکمڕانی دلّی زەوی بکات دەست دەگرێت بەسەر دوورگەی جیهاندا (جیهانی کۆن) .

٣- هەرکەسیش حوکمڕانی دوورگەی جیهان بکات دەست دەگرێت بەسەر جیهان هەموویدا .

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەم بیردۆزە کاتێك دانراوە کە پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی نەگەشتبوونە لوتکەی پێشکەوتن . بەڵام ماکندەر بەووردی چاودێری گۆڕانکاریە لەناکاوەکانی دەکرد وە لەگەڵ ڕێڕەوەکەیدا دەڕۆشت هەتاوەکو هەندێك لە ڕاستیەکان لای ڕوون بووەوە تاوای لێکرد کە چاوبگێڕێتەوە بەبیردۆزەگەیدا و چەند ڕاستیکردنەوەیەکی تێدا بکات . ڕاستکردنەوەی یەکەم لە ساڵی (١٩١٩) دا بوو کە ناوەڕۆکەکەی دۆزینەوەی ناوچەیەکی ستراتیژی تربوو کە دەکەوێتە باشوری بیابانی گەورە و ناوی‌لێنا دڵی باشور . بەڵام ڕاستکردنەوەی دووەم لەساڵی (١٩٤٣) دا بوو کە کاریگەری ئەو پێشکەوتنە تازانەی کە لەشەڕی دووەمی جیهانیدا ڕوویاندا پێوە دیاربوو . لێرەشدا ناوێکی تازە هاتە ئاراوە ئەویش (حەوزی ناوەڕاست Midiand basin) کە مەبەستی لەناوچەی دیاریکراوی باکوری ئۆقیانوسی ئەتڵەسی و ڕۆژهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوای ئەوروپا . وای دانا کە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا کە ناوی لێنابوو (German realm) هەستێت بە جیاکردنەوەی نێوان حەوزی ناوەڕاست لەلایەك و دڵی زەوی لەلایەکی‌ترەوە . لەپێناوی سەرکوتکردنی سەربازی ئەڵمانی کە لەناوەڕاستدا سەرچاوەیان گرتبوو کە ماکندەر داوای پێویستی هاوکاریکردنی نێوان دڵی زەوی و وڵاتانی حەوزی ناوەڕاست . وە ئەمەش ڕوویدا بەکردەوە لەجەنگی دووەمی جیهانیدا , کاتێك هەریەك لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئینگلتەرا و فەرەنسا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران هاوکاری یەکیانکرد بەناوی بەرەی هاوپەیمانی دژی ئەڵمانیای هیتلەری . لەبەر ڕووناکی ڕووداوەکانی ئەم شەڕە , ماکندەر ڕای‌گەیاند کە هەڕەشەی ڕاستی بۆ دڵی زەوی لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەکرێت نەك لەلایەن ئەڵمانیاوە ئەم ڕایەشی لەکاتێکدا بۆهات کە ئەو ئەنجامە خراپەی بینی بەسەر ئەڵماندا هات کاتێك هێرشی کردەسەر یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەساڵی (١٩٤١) دا . وە ئەم ڕاستکردنەوەی بیردۆزەش کەمکردنەوەی ڕووبەری دڵی زەوی گرتەوە , بەڕادەیەك کە هەرێمی (لینالند Lenaland) لابرد , و لەسێبەری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا ماکندەر سەرنجیدا توانای بەکارهێنانی ئۆقیانوسی بەستەڵەکی باکور بەکار بهێنرێت بۆ مەبەستی کەشتیەوانی , بەتایبەتی پاش ئەوەی بینی کەشتیە سەهۆڵ شکێنەکان ڕیچگا دەکەنەوە لەبەردەم کەشتیە بازرگانیەکاندا هەتاوەکو بگەنە ڕووبارەکانی (ئوبی , یەنسای , لینا) . بەڵام سەرەڕای ئەوە باوەڕی بەوە هەبوو کە هێرشی هێزە دەریاییەکان بەسەر ئەم ئۆقیانوسەدا شتێکی مەحاڵە و پەڕینەوە بۆ هەرێمی (تەندرا) کە دەکەوێتە باشوریەوە پاشان پەڕینەوەی دارستانەکانی (تەکایا) کە بەدرێژایی باکوری سیبریا درێژدەبنەوە .

ماکندەر پێی لەسەر گرنگی دڵی زەوی دادەگرت بەتایبەتی پاش سەرکەوتنی بەسەر ئەڵمانیادا لە جەنگی دووەمی جیهانیدا , ئەوکاتە ڕای گەیاند کە ئەمڕۆ بووە بە خاوەنی هێزێکی مرۆیی بەتوانا لەڕووی ژمارەوە و چۆنیەتیەوە دەتوانێت بەرگری لەخۆی بکات دژی هەر هێرش و پەلاماری بێگانەیەك . وە پاش ئەو ڕاستکردنەوەی دوایی ڕایگەیاند کە بیردۆزەکەی زیاتر ووردتر و سوودمەندتر بووە لەوەی پێشووتری .

دەنگدانەوە و ڕەخنەی بیردۆزەکەی ماکندەر :-

ئەوانە کە لەسەردەمی ماکندەردا ژیابوون نەیانتوانی ڕاوبۆچوونەکانی ماکندەر ڕوون بکەنەوە بەئاشکرا جگە لە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

جوگرافیناسی ئەڵمانی (کارل هۆسهۆفەر Karl haushofer) کە هەستیکرد بەوەی کە ماکندەر لەبیردۆزەکەیدا بۆی چووە . هۆسهۆفەر سەرنجی توانا زۆرەکانی دڵی زەویدا کە هیوا و ئاواتی گەورەی ئەو بوو (ئەوەی ماکندەر هێنابوویە ئاراوە کاریگەربوو) کە وابێتە پێش چاوی ئەڵمانیا دەست دەگرێت بەسەر دڵی زەویدا , ئەو بەشە پڕچالاکیەی جیهان . بۆ زانیاریش ئەڵمانیا داوای شەڕی نەکرد لەدژی ڕوسیا بەڵام بەووردی چاودێری ئەوەی دەکرد کە ناوینابوو (داگیرکردن لەڕێگەی پلانی کودەتاوە) .

هەنگاوە پێش وەختیەکانی هۆسهۆفەر پێشنیاری کردبوون بۆ ئەم بیرۆکەیە ئەویش هێنانەدی (هاوپەیمانی ئەڵمانیا و ڕوسیا) یە . وە هەنگاوی کۆتایی لەبۆچوونی ئەودا چوونە ناوەوەی ئەڵمانیا بۆناو ڕێکخستنەکانی سەربازی و ئابووری ڕوسیا بوو . بەڵام زۆرخێرا بۆچوونەکەی وانەبوو , کاتێك هێرشی سەربازی ئەڵمانیا بۆسەر ڕوسیا بینی , دوودڵی ڕووی تێکرد لە ئەنجامەکانی ئەم هێرشە کە دوایی سەرنەکەوتنی ئەڵمانیا بووبە ڕاستیەکی بەرجەستە .

ڕووداوەکانی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی ئەوەیان سەلماندووە هەندێك لە پێشبینیەکانی بیردۆزەکە ماکندەر ڕاست دەرچوون . بۆ نمونە ڕوسیا ڕووبەڕووی دوو هێرشی سەربازی ئەڵمانی بوویەوە لە ڕێگەی پێدەشتی ئەورووپیەوە (دەرگای کراوە) بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئەم لەشکرە نەیتوانی بچێتە قوڵایی دوورەوە لەبەر زەفەر پێبردنی ڕێگرە هاوێژەرەکانی لادانی ئەم دڵە . بەرامبەر بەمەش دیمان ڕوسیا شەڕی ڕۆژهەڵاتی دوور دەگێڕێ لەنێوان ساڵانی (١٩٠٤-١٩٠٥) و لەشکرەکەی بە هەزاران میل دەبڕێت دوور لە سەرچاوە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پیشەسازیە سەرەکیەکان . مێژووی ڕوسیا پڕە لە ئاماژەکانی ویستی سۆڤیەت بەدڵگەرمی لە دڵی زەویەوە بەرەو هەرچوارلا تاوەکو گەیشتن بە دەریا دراوسـێکان بەتایبـەتی دەریـا گەرمـەکان چ بـەرەو ناوچـەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەریای سوور بۆ کەنداوی عەرەبی و یان بـەرەو ڕۆژئاوا لە ڕێگەی دەریای بەڵتیك و دریـای باکورەوە . وە هـەروەها ئـەو هەولانەی کە داونی بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ دەست بەسەراگرتنی دەریاکانی ڕۆژهـەڵاتی ئاسـیا . بۆچـوونەکانی بیردۆزەکـەی ماکنـدەر کاریگـەری گـەورەی هـەبوو لەسـەر فەرمانـدەکانی ڕوسـیا , کاتێـك هەسـتیان بـە گرنگـی ئـەڵمانیا و ڕۆژهـەڵاتی ئـەوروپاکرد لەلایـەنی سـتراتیژیەوە بـۆ پاراستنی سەربازگەکانیان .

لەسەر ئەم بنەمایە دیمان ئەنجامەکانی شەڕی جیهانی دووەم وەکو ویـستی یـەکێتی سـۆڤیەتی جـاران دەرچـوو لـە گـۆڕینی وڵاتـەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بۆ وڵاتی سۆشیالیستی هاوپەیمان لەگەڵ ڕوسیا بۆ سـەردەمێك . ئەمـە هەنـدێك لـەو دەنگدانـەوە مێژووییانـە بـوو کـە بۆچـوونەکانی بیردۆزەکـە ئاشـکرای کردبـوون . بـەڵام ڕەخنـەکان کـە ڕووبەڕووی بوونەتـەوە هەنـدێکیان دەدرێنـەپاڵ هەنـدێك لـە زاناکـان و هەنـدێکی تریـان لـەکاتی ئاشـکراکردنی بیردۆزەکـە لەبـەردەم کۆمەڵـەی جوگرافیناسـانی مەلـەکی لەلایـەن هەنـدێك لـە ئامادەبووانـەوە . وە گرنگترین ناڕەزایی بەشداربووانی کۆڕەکە ئەمانەن :-

١- ئەم بیردۆزە ئەوە چەمکە دووپات دەکاتەوە کە (مێژوو خۆی دووبارە دەکاتـەوە) لەڕێگـەی بەسـتنەوەی ڕووداوە مێژووییـەکان بـەوەی ئێستا ڕوو دەدات . یەکێك لەوانەی بەرهەڵستی بیردۆزەکەی دەکرد بـەوەی ئـەو خێڵانـەی کـە لەناوەڕاسـتی ئاسـیاوە دەرچـوون

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەملاوئەولادا یارمەتی بەرزکردنەوەی بیر و شارستانیەتی ئەو شوێنانەی کە داگیریان کردوون نەداوە وەکو هێرشی مەگۆلەکان بەرەو باشور و ڕۆژئاوا هەتاوەکو گەشتنە عێراق , بەڵکو بە پێچەوانەوە بوو . ئەو هۆکارە ئاسانکاریانەی بونەهۆی هێرشەکان لە هێز و توانای ئەم خێڵانەدا نەبوو , بەڵکو لاوازی ئەو هەرێمانەی کە دراوسێیان بوون لە ئەنجامی پارچەپارچەبوونی ڕامیاری و ئەو تێکچوونەی کە لە دام و دەزگا ئیداری و سەربازیەکانیاندا بوو . وە لەسەر ئەم بنەمایە پێویست بە ڕوودانی هاوتەریبی ئەم ڕووداوانە ناکات تاوەکو مێژوو خۆی دووبارەبکاتەوە .

٢- بیردۆزەکە گرنگی دڵی ڕوسی دووپات دەکاتەوە لە ئیش و کاری جیهانیدا زیاترە , بۆ زانیاری دوورگەکانی بەریتانیا توانی بەهۆی جێگەوشوێنی لە ڕۆژئاوای ئەوروپادا هێزێکی دەریایی دروست بکات کە قەڵەمڕەوی بگاتە ناوچەکانی کەوانەی ناوەوە و کەوانەی دەرەوە و ئیمپرتۆریەتێکی گەورە پێکەوە بنێت کە خۆر لە زەویەکانی ئاوانەبێت . هەروەها دوورگەکانی یابانیش هەمان جێگەوشوێنیان هەیە لە ڕۆژهەلاتەوە بۆ ئەوەی بوونیان دەربکەوێت فشار و کاریگەریان هەبێت لەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ئاسیا , ئەگەر بتوانێت پێشکەوتن بە هێزەکانی دەریایی بدات و کار بۆ بەردەوامیان بکات .

٣- بیردۆزەکە ڕەچاوی ئەوەی نەکردووە کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەبێتەهۆی گۆڕانکاری لە تەرازووی هێزەکاندا . چونکە دروستکردنی بنکەیەکی پیشەسازی بنەمایەکە بۆ پاشەکەوتکردنی هێز , ئیتر ئەو بنکە پیشەسازیە لە دڵی زەویدا درووست کرابێت

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

یان لەناوچە دوورگەییەکاندا . گرنگ ئەوەیە کێ توانای هونەری و تەکنەلۆژیای هەبێت دەتوانێت دەسەلاَت و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت بەسەر ئەوانی‌تردا . وە بەکردەوە پێشکەوتن لەبواری ڕێگەوبان و گواستنەوە و گەیاندنی وشکایی و دەریایی و ئاسمانی , کەمکردنەوەی ماوە و ئاسانکردنی جموجوڵی سەلماندووە . دوابەدوای ئەوەش گۆڕانکاری لە بۆچوونی جیۆپۆلەتیکی پەیوەندیدار بە دابەشکردنی هێزەکان بەسەر ڕووی گۆی زەویدا . ترسناکترین پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە بواری چەکسازی ستراتیژی ڕوویداوە بەڕاستی , لەزیادکردنی هاویشتن و خێرایی و ماوە و هێزی ڕوخێنەر و ووردی پێکانی ئامانجەکاندا .

٤- بەڕای هەندێك نووسەر بیردۆزەکەی ماکندەر هیچ پێوانەیەکی دانەناوە بۆ گۆڕانکاریە ئایدیۆلۆژیەکان کە ڕوویان داوە پاش جەنگی جیهانی دووەم . ئایدیۆلۆژیای سۆشیالیستی لە دڵی زەویەوە هاتەدەرەوە و بە هەموو لایەکدا بووەهۆی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە بواری ئابووری و کۆمەلاَیەتی و سیاسیدا بەرپاکردبەبێ بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن هێزە سۆڤیەتیەکانەوە . ڕووداو و گۆڕانکاری لەناو کەوانەی ناوەوە و کەوانەی دەرەوە ڕوویان داوە وەکو شۆڕشە سۆشیالیستیەکانی گەلی چین ساڵی (١٩٤٩) شۆڕشی کۆریای باکور ساڵی (١٩٥١) شۆڕشی ڤێتنام ساڵی (١٩٥٤) شۆڕشی کوبای سۆشیالیستی ساڵی (١٩٦٠) . زۆربەی ئەم پەیڕەوە ڕامیاریانەی کە لە ولاتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەلاَتی سۆشیالیستی ئەمڕۆ پشتگیری دڵی زەوی دەکەن و لە خولگەی ئەودا دەخولێنەوە بەرەو نەش و نماپێکردنی هێزی وشکایی و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لاواکردنی هێزی دەریایی . (بۆ ئاگاداری خوێنەر ئەو کتێبەی ئەم باسەی لێ وەرگێڕراوە پیش هەرەس هێنانی بلۆکی ڕۆژهەڵات دانراوە) .

٥- بەڵام زانا (ماینگ D.Mining) ڕەخنەی لە ماکندەر گرتووە لە دیاریکردنی دڵی زەوی و دووکەوانەی دەرەوە و ناوەوە , بەواتایەکیتر لە دابەشکردنی هێزە جیهانیەکان لەسەربنەمای شارستانیەت لەبەرئەوەی ئەم پێوانەیە زیاتر جێگیرە و نەگۆڕە لە پێوانەی جێگەوشوێنی جوگرافی . لەبەر ڕووناکی پێوانەی شارستانیەتدا ماینگ دڵی زەوی دیاری دەکات بە ناوچەی (ئیسیتپسی) لە کیشوەری ئەوروپا و ئاسیادا کە دەورە دراوە بە هەرێمی بیابانی . کە دیاریکردووە لە ڕۆژئاواوە بە ڕووباری ڤۆڵگا و دەریای قەزوێن وە لەلای باکورەوە بە لێوارەکانی باشوری کەمەرەیی دارستانە سنەوبەریەکان لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بە زنجیرە چیاکانی ناوەوەی هەرێمی شارستانی چینیەکان وە لەباشورەوە بەبەرزاییە چیاکانی درێژ بووەوە لە (سینکیانج) تاوەکو (هیمالایا) لەوێوە بۆ چیاکانی (هندکۆش) تاوەکو دەریای قەزوێن . ماینگ باوەڕی وایە ئەم ناوچەیە دیاریکراوە بەو شێوەی لە پێشەوە باسمانکرد جیاوازە لەیەکچوونی باری سروشتی و تایبەتمەندی شارستانیەوە .

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لێکۆڵینەوەی دووەم

الفريد ماهان (Alfred mahan) ١٨٤٠ – ١٩١٤

ماهان دادەنرێت بەناودارترین مێژوونوس لە هێزی دەریاییدا , ئەمەش لەبەر ئەوەی پاشماوەی لەم بوارەدا پشت دەبەستێت بە خۆسازدانی زانستی کە دەستی کەوتووە لەکاتی خوێندنیدا لە ئەکادیمیای دەریایی ئەمەریکی ساڵی (١٨٥٩) ئەم ئەکادیمیایەی تەواوکرد . وە پاشان بووە بە ئەفسەر لە هێزی دەریایی ئەمەریکادا و زۆربەی دەریا و ئۆقیانوسەکانی جیهانی بینیوە .

بەرزترین پلە کەپێی گەیشتوە لە پلەی سەربازیدا گەشتوەتەپلەی (ئەدمیراڵ) ی دەریایی , پاشان خانەنشین بووە ساڵی (١٩٠٨) . ئەمە لەبواری سەربازیدا , بەڵام لەبواری لێکۆڵینەوە و دانانی کتێبدا بەرزبوونەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕامیاری نێودەوڵەتیدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم کاری تێکردووە , ئەمە وای لێکرد کە گرنگیەکی زۆر بدات بە مێژووی هێزی دەریایی ستراتیژی هەتاوەکو دانرا لە کۆلیژی جەنگی دەریایی لەشاری (نیۆبۆرت Newpot) لە ویلایەتی (ڕودئایلەند) ی ئەمەریکا وەکو وانەبێژ (محاضر) , پاشان بوو بە سەرۆکی کۆلیژەکە لەساڵی ١٨٨٦. ئەم هەوڵ و کۆششە ئەکادیمیەی بەرهەمی سێ کتێب بوو کە دادەنرێن بە دایکی سەرچاوە مێژووییەکان کە لێکۆڵینەوە لەبابەتی هێزی دەریاییدا دەکەن لەڕووی ڕامیاری و سەربازیەوە . لە بەناوبانگترینیان کتێبی (کاریگەری هێزی دەریایی لەسەر مێژوو لە نێوان ساڵانی ١٦٦٠–١٧٨٣ ز کە ساڵی (١٨٩٠ن) بڵاو بووەوە لەژێر ناونیشانی (The influence of sea power upon historey ١٦٦٠-١٧٨٣) .

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەڵام دووکتێبەکەتری بەناونیشانی :

١-کاریگەری هێزی دەریایی لەسەر شۆڕشی ئیمپراتۆریەتی فەرەنسا لەنێوان ساڵانی (١٧٩٣–١٨١٢ز) کە ساڵی (١٨٩٢ز) بڵاو بووەوە لەژێر ناونیشانی :

The inflaence of sea power upon the french revolution and empire ١٧٩٣-١٨١٢

٢- هێزی دەریایی لە پەیوەندی جەنگیدا ساڵی (١٨١٢) :

Sea power in its relation to the war ١٨١٢

لەم کتێبانەیدا ڕاوبۆچوون و زانیاری زۆری تیایە کە پەیوەندی بە ستراتیژی دەریایی تیایە , هەروەها بنەما و بیر و بۆچوونانەی تێدایە کە هێزی دەریایی بەریتانیا لەسەری ڕۆیشتووە لەسەردەمێکی دوورەوە , ئەمەش لەبەر ئەوەی ماهان سەردەمی گەورەیی بەریتانیای بینیوە , کاتێك کە خاوەنی بەهێزترین کەشتیگەلی دەریایی بوو لە جیهاندا , دەسەڵاتی بەسەر گرنگترین تەنگە و ڕێڕەوە دەرياییەکاندا هەبوو .

ئەمانە هەمووی کاریگەری ڕوون و ئاشکرای هەبوو لەبیروبۆچوونی و ئەگەری بیردۆزە جیۆپۆلەتیکەکەی کە پوختەکەی (خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی هەر هۆزێك بەسراوە بە ئەوەی ئامادەی دەکەن لە پلانی ستراتیژی بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتە دەرياییەکانیان بەسەرجیهاندا) . ئەنجامەکانی ئەمە دەرکەوت لە وەی کە شۆڕشی پیشەسازی لەئەورووپادا بەرپا بوو لە نێوان ساڵەکانی (١٧٦٠ – ١٨٣٠ز) لە دەوڵەمەندی ماددی هەندێك وڵات کە ئامانجی داگیرکەری ڕامیاری دەستی گرت بەسەر زۆربەی شوێنەکانی جیهان بۆ گەڕان بەدوای

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کەرەسەی خاوی جۆراوجۆر بۆ کارگەکانیان , بۆ بازاڕی باش بۆ فرۆشتنی زیادەی بەرهەم و کەرەسە پیشەسازیەکانی و هێنانی کەل و پەلی خۆراکی زۆر بۆ دانیشتوانەکەی کە ژیاون لەشۆڕشی دیمۆگرافیەکان لەو سەردەمەدا . ئەمەش پێویستیکرد کەشتیگەلی بازرگانی و نەفەربەری بۆ گواستنەوە لەنێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا دروست بکات , وە هەروەها کەشتیگەلی جەنگی بۆ پاسەوانی کەشتیە بازرگانیەکان لە هەر دەست درێژیەك کە بکرێتە سەری پاش ئەوەی دەریا و ئۆقیانوسەکان هۆکاری جیاکردنەوەی کیشوەرەکانی جیهانن , لەسەردەمی داگیرکەردا بوونە شاخوێنبەرێك بۆ بەستنەوەی نێوان ولاتە داگیرکراوەکان و ولاتە ئەوروپیە داگیرکەرەکان . بەزیادبوونی گرنگی ئەو ڕێگا دەریاییانە پێویستی پاراستنی هەندێك شوێنی ستراتیژی دەرکەوت , بەتایبەتی ئەوانەی دەکەونە نزیك ڕێگە دەریاییە تەنگەکانەوە کە بەکار دەهێنرێت بۆ هاتوچۆ بەڕێژەیەکی زۆر بەدرێژایی ڕێگای (راس الرجاء الصالح) واتە سوڕانەوە بەدەوری کیشوەری ئەفەریقادا , دەبینین ئینگلتەرا دەستی گرتووە بەسەر زۆربەی ئەو دوورگانەی کە بلاو بونەتەوە بەدەوری کیشوەری ئەفەریقادا و باشوری ئاسیادا وەکو دوورگەکانی (ئەنسیون , سانت هیلان , مویرتسی , سیلان , سەنگافورە) . پاش کردنەوەی کەنالی سویس سالی (١٨٦٩ز) دەستی گرت بەسەر (جەبەل تاریق , مالتا , قوبرس) لە دەریای ناوەڕاستدا و بەندەری (عەدەن) کەمێك پێش ئەوە .

یەکێك لە ڕاوبیروبۆچوونەکانی ماهان لە هێزی دەریاییدا دەلێت کەشتی بەتواناترە لە ماشینی وشکایی و بەهێزترە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە خەرجی گواستنەوە و گەیاندن و ووزەی جولێنەرەوە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هــەبێت . هــەروەها داخــراوی هەنــدێك وڵات لــە كیــشوەرەكاندا و نەگەیشتنیان بە دەریا جیهانیەكان یەكێكە لەو ئەركانەی كە جێبەجێ نـاكرێ تـەنها بـۆ هەنـدێك گـەل نـەبێت . لەبـەر ئـەوە شـتەكە نامۆنیـە لەبیردۆزەكەیدا دەڵێت : ئەوەی بیەوێت دەست بەسەر جیهاندا بگرێت دەبێـت هێزێكـی دەریـایی گـەورەی هـەبێت یارمـەتی بـدات بـۆ دەسـت بەســەراگرتنی دەریاكــان و كــۆنترۆڵ كردنــی كــەنارەكانیان . ئــەوەی سەرنجی ماهانی ڕاكێشا نیوەی باكوری گۆی زەوی بوو (واتە باكوری كەناڵی سویس و كەناڵی پەنـەما) دەوڵەتە زلهێزەكان دەگرێتە خۆ لـە جیهانـدا . ئەمـە بە بیروڕای ئـەو كاریگـەری جێگەوشـوێنی دورگـەكانی بەریتانیابوو كە دادەنرا بە زلهێزترین هێزی دەریـایی لـە كـاتی خۆیـدا . كــە دەســتی درێــژبوو بەســەر دەریاكــانی جیهانــدا بــەهۆی بــوونی كەشتیگەلی جەنگی زەبەلاح كە نە وڵاتـە ئەوروپیـەكانیتر و نـە وڵاتـانی كیشوەرەكانیتر نەیانتوانی هاوشـێوەی ئـەوبن .ئـەو لێكۆڵینەوانـەی كـە پەیوەنـدیان بـە مێـژووی دەریـاوانی بـەریتانیاوە هەیـە كـە مـاهـان پێـی هەسـتاوە دەی سـەلمێنێت سیاسـەتی ئینگلتـەرا لـە هێـزی دەریاییـدا پـشتی دەبەسـت بـە ژمارەیـەكیزۆر لـە كەشـتی بازرگـانی و كەشـتی جــەنگی شــەڕكەر لــە كەشــتیگەلە گەورەكەیــدا هــەتاوەكو لــەبارێكی گونجاوی وادا بێت بتوانێت گورزی كاریگـەر بسرەوێنێتە ئـەو لایەنـەی كــە دەیــەوێت دەســت درێــژی بكاتــە ســەریان و بۆســەر هەربەشــێك لەبەشەكانی ئیمپراتۆریەتە هەڵچنراوەكەی . بـەڵام دروسـتكردنی هێـزی دەریـایی بـۆ وڵاتـان هەنـدێك مـەرجی پێویـستە كـەماهان بـەم شـێوەیە دیاریكردووە :

١- شوێنی جوگرافی وڵات :-

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

مەبەستی شوێنی دەریایی وڵاتەکەیە , ئایا دەکەوێتەسەر یەك دەریا (تاکە شوێن) یان دوو دەریا یان زیاتر . هەروەها ئەوەش جێگای سەرنجە کە ئایا ئەو دەریایەی وڵاتەکەی کەوتووەتەسەر دەست دەدا بۆ کەشتیەوانی و ئاسانە پەیوەندی کردن بەیەکەوە و بە بەرزایی ئاوی ئۆقیانوسەکانی جیهانەوە . هەروەها مەرجە بۆ شوێنی دەریایی کە توانا بدات بە ولات بۆ دەست بەسەراگرتنی ڕێگا بازرگانیە گرنگەکان و کۆنترۆڵ کردنی بنکە ستراتیژیەکان هەتاوەکو بتوانێ بەرپەرچی دوژمنکاری چاوەڕوانکراو بداتەوە کە بیەوێت هەڕەشە لە هەرێمەکەی بکات . چالاکی بازرگانی و سەربازی هەرولاتێك بەتایبەتی دەریایی پەیوەندیەکی پتەوی هەیە بەجۆری ئەو دەریایەی کە وڵاتەکەی کەوتووەتەسەر ئایا دەریاکە کراوەیە یان داخراوە . بۆنمونە باسی ئەو وڵاتانە بکەین کە کەوتونەتە سەر دەریای بەڵتیق دەبینین ئەم وڵاتانە کاریگەریان لەسەرە لە هەردوولای بازرگانی و سەربازی , ئەگەر وڵاتێکی بێگانە دەست بگرێت بەسەر دەروازەی ئەم دەریایەدا . لەبەرئەوە جێگەوشوێنی (سوید , دانیمارك) کە لەسەر دەروازەی ئەم دەریایەن دادەنرێن بەشوێنی ستراتیژی باش کە دەتوانرێت بەکاربێت بۆ دەست بەسەراگرتنی کاروباری ئەم دەریایە . ئەمەش لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا بە ئاشکرا دەرکەوت ، کاتێك هێزە نازیە ئەڵمانیەکان دەستیانگرت بەسەر دەریای باکوردا بووە هۆی سەپاندنی دەسەڵات بەسەر دەریای بەڵتیقدا و ڕۆژانی سەروەری ئەم وڵاتانە لە کۆتاییدا .

٢- سروشتی کەنارەکانی وڵات :-

درێژی کەنار گرنگ نیە بەڵکو جۆر و باشی کەنارەکە بۆ دروستکردنی بەندەر و لەنگەرگا . هەرچەندە کەنار پێچ و پەنا بێت و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کەنداو و فیۆرداتی زۆربێ , زیاتر دانیشتوانی پشتەوەی ڕادەکێشێ و هانیـان دەدات بـۆ بـەکارهێنانی دەریـا و پەیوەنـدیکردن بـە وڵاتـانی جیهانـەوە . بۆنمونـە یـەکێتی سـۆڤیەتی جاران کـەناری دوورودرێـژی هەیـە بـەڵام زۆربـەیان بـۆ دەریـاوانی و کەشـتیەوانی نـاگونجێن لەبـەر ئەوەی ماوەکی زۆر لە ساڵدا بەستەڵەکە و کەنارەکان داخراوەن , لەبەر ئـەوە بـە وڵاتێکـی دەریـایی ناژمێردرێـت . هـەروەها بـە نـسبەت وڵاتـی لیبیـاوە ئـەویش کـەنارێکی دەریـایی درێـژی هەیـە بـەڵام زۆربـەی بـۆ کەشتیەوانی ناشێت لەبـەر ئـەوە سروشـتی ئـەم کـەنارە لمـی و تەنکـە (قوڵایی کەمە) هانی ڕووبەدەریابوون نادات . بـەڵام کـەنارەکانی نـەرویج فیـۆردات و قـوڵی زۆری تیایـە (کـە دەچـنەناو قـوڵایی وڵاتـەوە) کـە بۆتـە هۆی ڕاکێشانی کاریگەری شارستانیەت ورەگـەز لەناوچـە دوورەکانـەوە و دانیشتوانی پشت کـەنارەکان بـۆ پاڵپێوەنانیـان ڕووبـەدەریا . ماهـان زۆری بەندەر و لەنگەرگای لە کەناری دەریاکاندا داناوە بە دەوڵەمەنـدی و بـەهێزی , بەتایبـەتی ئـەگـەر ئـەم بەنـدەر و لەنگەگانـە بکـەونـە شـوێنی گەشتنی ڕاستەخۆی ڕووبارەکان بەدەریا لـەبەر ئـەوە دەبێتـە سـەنتەرێك بۆ کۆکردنەوەی بازرگانی ناوەوە و درەوە (هاتوو و ڕۆشتوو) . هەروەها دەبێــت بــە خــاڵی درەوشــاوەی شارســتانیەت بــۆ شــوێنی چــالاکی کەشتیەوانی و دەریاوانی .

گرنگی ئەم بەندەر و لەنگەرگانە وەکو سەرچاوەیەکی هێـز و سامان تەنها لەکاتی ئاشتیدا دەبێت , لەبەرئەوە لەوانەیە ببێتە سەرچاوەیەکی مەترسی لەکاتی شەڕدا , بەتایبەتی ئەگەر باش نەپارێزرابوو لـە لایـەنی سەربازیەوە .

ماهان دووجۆر کەناری جیا کردۆتەوە :-

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

١- كەناری بەرزەوەبوو :- ئەمە هەمیشە ڕاستە و پێچ و پەنای تیاذیيە , نیشتوی قوڕ و لمی فشەڵ دایپۆشیوە چاڵی و پێچ و پەنا بنەڕەتیەکەی پڕکردووەتەوە . ئەم جۆرە کەنارە بۆ کەشتیەوانی و دەریاوانی ناشێت لەبەر زۆری نیشتووی قوڕ و لم و بوونی زۆنگاو لە کەنارەکەدا ئەمە دەبێتەهۆی تەنکاوی (قوڵی کەم) و بەرەو قوڵایی لێواری دەستکرد (منصات و مرافئ) دروست ناکرێ لەبەر ئەوەی قوڕ و لمە نیشتووەکە توانای هەڵگرتنی پایە و قورسایی زۆری ذیيە تێیدا دنیشێت وەکو کەنارەکانی کەنداوی مەکسیك و دەلتای نیل (دلتا النيل) .

٢- کەناری نزمەوەبوو :- جیادەکرێتەوە بە زۆری کەنداو کەلەسەر شێوەی دۆڵ و چەمی تەنیشتی نوقوم بوو دەکەونە نێوان زمانە بەرزاییەکانەوە . هەندێك لەم کەنداوانە تەنکە وەکو کەناری ڕۆژهەلاتی دانیمارك و کەناری ئەڵمانیا لەسەر دەریای بەڵتیق , هەیانە قوڵە وەکو کەنارەکانی ئینگلتەرا لەسەر دەریای باکور و کەنارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر ئۆقیانوسی ئەتڵەسی , وە هیتر هەیە زۆر قوڵە وەکو فیۆرداتی نەرویج . وە ئەم هەموو جۆرە کەنداوانە بە جیاوازی ئاستی باشی چالاکی کەشتیەوانی نابێتە کۆسپ لە پێشکەوتنی جوڵەی کەشتیەوانی تێیدا لە هیچ کات و ساتێکدا , سەرەڕای پاراستنی سروشتی ئەو بەندەرانەی کە دروستکراون لەسەر ئەم کەنارانە .

٣- سیفەتەکانی پشتەوەی کەنارەکان (Hinter Lan) :- مەبەست لەو زەویەی وڵاتە کە ڕاستەخۆ دەکەوێتە پشت خەتی کەنارەکەوە . ئەگەر ئەم زەویانە ڕووبەرەکەیان گەورەبوو و سامانی سروشتی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

زۆری تێدابوو بەشی دانیشتوانی یەکەسیاسیەکە بکات , ئەوە دەبێتەهۆی ڕاکێشانی دانیشتوان بۆ ناوەوە بەمەش ئاراستەی جوگرافیای وڵات ڕووبە وشکاییە نەك ڕووبەدەریا لە چالاکی ئابووریدا هەتاوەکو ئەگەر جێگەوشوێنی دەریایی بڕوانێت بەسەر کەناری دوورودرێژدا . نمونە بۆ ئەمەش فەرەنسایە کە دەکەوێتەسەر سێ دەریا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتێکی دەریایی نیيە لەبەر ئەوەی زەوی پشت کەنارەکە سوود و پیتی زۆرە دانیشتوانی ڕاکێشاوە بۆکارکردن لە وشکاییدا نەك پەنا بۆ دەریا ببات . وە لەکاتی هەژاری پشت کەنارەکە بەسامانی سروشتی بەجۆرێك لەجۆرەکانی ئەمە کاردەکات بۆ دەرکردنی دانیشتوان و ئاراستە بوونیان ڕووبە دەریا بۆ دەست کەوتنی خواردن و دابینکردنی خەرجی ڕۆژانەیان . وە نمونە بۆ ئەم وڵاتانە (ئیتالیا , یۆنان , پورتوگال , ئینگلتەرا , نەرویج , هۆڵەندا , ناوچەی بەریتانی لە فەرنسا , یابان) کە بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی بە حوکمی ژینگەی سروشتی هەژار ڕوودەکەنە دەریا بۆکارکردن تێیدا . بەڵام (هیندستان , ئوسترالیا , بەرازیل) سەرەڕای ئەوەی کەناری دەریایی دوورودرێژیان هەیە , بەڵام ئەم کەنارانە هەژارن لە ڕاوکردنی ماسیدا بۆیە دانیشتوانی وڵاتەکە ڕویان کردوەتە زەویەکانی پشت کەنارەکە لەناچاریدا بۆ ئەوەی بەرهەمی بهێنن و ژیانی ڕۆژانەی لێ مسۆگەر بکەن . بەو شێوە دیاریکردنی سیفەت و جیاوازی بەشێك لە چالاکی وڵات و چالاکی دانیشتوانەکەی و هەندێ لە ئارەزووەکانیان .

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

٤- ڕووبەری وولاّت و ژمارەی دانیشتوانەکەی :- یەکێك لە دووبنەما سەرەکیەکان بۆ دروستکردنی هێزی دەریایی فراوانی ڕوبەر و زۆری دانیشتوانە . ماهان لەم دوو یەکەیەدا توانای جۆراوجۆری سامانی سروشتی لەڕووبەری گەورەی ولاّتدا , وە توانای هێزی مرۆریی کە بە ژمارەی دانیشتوان دەژمیچردریچت ئەوە دەبینێت لە دروستکردنی کەشتیگەلی دەریایی بۆ بەکارهێنانی و تازەکردنەوەی . هەروەها ڕووبەری گەورە و جێگەوشوێنی ولاّت کە بکەوێتە سەر زیاتر لە دەریایەك ئەگەری زیادبوونی کەناری دووردرێژ و باش بۆ کەشتیەوانی و دەریاوانی .

٥- تایبەتمەندی نەتەوەیی دانیشتوان :- یەکێك لەو مەرجە گرنگانەی کە ماهان داینـاوە بـۆ پێویستی دروستکردنی هێزی دەریایی زانینی ئارەزووی دانیشتوان و حەزکردن بە کارکردن لە دەریادا . ئەم مەرجە دادەنرێت بەبەردی گۆشە لە قەلاّی بازرگانی دەریایی کە گرنتی کۆکردنەوەی سامانی پێویست بۆ دروستکردنی هێزی دەریایی . زۆرجار دانیشتوانی کەنارەکان زیاتر حەزدەکەن و ئارەوزوو دەکەن بە کارکردن لە دەریادا و بازرگانی کردن بەهۆیەوە لە کەسانیتر .

٦- ئاراستەی دەسەلاّتی حوکمڕان :- ئارەزووی دەسەلاّتی حوکمڕان لە ئاراستەکردن ڕووەو دەریا بۆ هێنانە کایەی هێزێکی دەریایی لەکۆتاییدا وە پشت دەبەستێت بەبوونی هەموو لایەنێکی سروشتی پلەی گونجانی کارلێککردنی ئەوە لەگەڵ تایبەتمەندی کۆمەلاّیەتی کە دانیشتوانی ئەو ولاّتە پێی جیادەکرێتەوە هەروەها پشت

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەبەستێت بەجۆری پەیوەندی لەنێوان وڵاتە دەریایە دراوسێکاندا
.
لەبواری هەموو ئەم بۆچوونانەدا دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە هێزی کاری دەوڵەت بەپلەی یەکەم پشت دەبەستێ بەدەوری شانۆی جوگرافی کەدادەنرێت بە (ڕووبەری گەورە , زۆری ژمارەی دانیشتوان , فراوانی سامانی سروشتی , توانای هونەری لە خودی دانیشتواندا , فەلسەفەی فەرمانڕەوایی ڕامیاری , ... هتد) گونجانی ئەمانە هەمووی بەکارلێکردن بۆ دروستکردنی هێزێکی ئابووری لەپشت ئەمەشەوە هێزێکی سەرباز وە پاشان هێزێکی ڕامیاری .
ماهان لە بیردۆزەکەیدا لە تایبەتمەندی جوگرافیای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە دەقاودەقی ئەو پێوانانەی کە دایناوە بۆ بنەمایەك بۆ دروستکردنی هێزی دەریایی دەستی پێکردووە لەبەر ئەوەی بەمە ویستویەتی خزمەت بەبەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا بکات بۆ بانگهێشت بۆ فراوان بوون بۆ دەرەوە سنووری چوارچێوە هەرێمی . مەرجێکی داناوە بۆ ئەم فراوانکاریە ئەویش دروستکردنی هێزێکی دەریایی جیهانی کە پێك بێت لە ژماریەك گەشتیگەلی گەورە هەتاوەکو لەتوانای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بێت گرنتی بەرگریکردنی نەتەوەیی دژی هەرگەمارۆیەکی دەریایی کە ڕووبەڕوی دەبێتەوە (بەوسیفەتەی دوورگەیەکی کیشوەرییە) لە توانایدا دەبێت فراوانکاری بکات لە دە ریاکان و ئۆقیانوسەکانی جیهان . بۆ تەواکردنی ئەو ستراتیژە دەریاییە وای بە پێویست دەزانێ دوورگەکانی هاوای داگیر بکرێت لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە لەبەرئەوە دادەنرێت بە بنکەیەکی سەربازی پێشەوە بۆ

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەپەرچ دانەوەی هەرهێرشێك كە بكرێتە سەری لەلایەن كیشوەری ئاسیاوە . هەروەها تەئكیدی لەسەر ئەوە كردەوە كە پێویستە نۆكەندێك هەڵبكەنرێت لەنێوان ئەمەریكای باكور و باشوردا كە هەردوو ئۆقیانوسی ئارام و ئەتڵەسی ببەستێ بەیەكەوە وە ئەویش (نۆكەندی پەنەمایە) پێشبینی ئەوەشی كردووە كە بێوەیی ئەو كەناڵە ناپارێزرێت هەتاوەكو ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دەسەڵاتی خۆی نەسەپێنێ بەسەر دەریای كاریبی و بەشی ڕۆژهەڵاتی ئۆقیانوسی ئارامدا . ئەمەش بەدیهات بە ڕستی لەسەردەمی سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكاندا (تیۆدۆر ڕۆزفلت) ئەوە كە ماهان توانی كەشتی گەلێك دروست بكات لە كەشتیە گەورەكان و بیان نێرێت بۆ گەشتێك بەدەوری جیهاندا لەنێوان سالانی (١٩٠٧ – ١٩٠٩) هەروەها بەڕاستی دەستگیرا بەسەر ناوچەی كەناڵی پەنەمادا (بەپانی دەمیل) و هەڵكەندنی تاوەكو كرانەوەی بۆ كەشتیەوانی ساڵی (١٩١٤)

لە دیاردەكانی تری جیۆپۆلەتیكی فراوانكاری هەرێمی كە ماهان بانگەشەی بۆ كردبوو كە ویلایەتە یەكگرتوەكان دەستی گرت بەسەر دوورگەی بۆتۆریكۆ ساڵی (١٨٩٨) پاش شەڕی لەگەڵ ئیسپانیادا , وە بەڕێگەی بەكرێگرتن بەسەرناوچەی جوانتانامۆ (Guantanamo) دەكەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی كوباوە ساڵی (١٩٠٣) .

لەساڵی (١٩١٧) لە دانیماركیەكان دوورگەكانی ڤێرجینیای كڕی (Virgin) , دەستی گرت بەسەر دوورگەی (ناڤاسا Navassa) لە باشوری كوبا . وە لە نیكاراگوا هەردوو دوورگەی كۆنی گەورە و كۆرنی بچوكی بەكرێ گرت ئەم هەموو شوێنە ستراتیژیان بۆ مەبەستی پارێزگاریكردنی كەناڵی پەنەمابوو .

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەڵام لەبەری ئۆقیانوسی ئارامەوە دەستی گرت بەسەر (مەداوی Midway) دا ساڵی (١٨٥٩) وە ئالاسکای لە ڕووسیا کڕی ساڵی (١٨٦٧) , وە دوورگەکانی هاوای درانەپاڵی بە بڕیارێکی کۆنگرێسی ساڵی (١٨٩٨) بەمەش کلیلی بەرگری لەبەشی ڕۆژهەڵاتی ئەم ئۆقیانوسەی مسۆگەرکرد . وە لە هەمان ساڵدا ئیسپانیای ناچارکرد کەواز لەدوورگەکانی فلیپین و دوورگەی گوام بێنێت بۆی و پاشان دەستی گرت بەسەر دوورگەی ساموا و بەسەر بنکەیەکی دەریایی گرنگدا (باجۆ باجۆ) کەدەکەوێتە دوورگەی (تنوێلا Tutuila) ی گرکانی , هەروەها دەستی گرت بەسەر دوورگەی (ویك wake) و چەندینی تر لە دوورگەکانی ئارام وەکو (Howlnad , Baker , Johns Palmyra , Tarbis , Kilgman , Reef , Swains) دەست بەسەراگرتنی هەموو ئەم دوورگانە لە هەردوو ئۆقیانوسی ئارام و ئەتڵەسیدا لەسەر بنەمای ئامۆژگاری ماهان کە ووتویەتی (ئەوەی کاردەکات بۆ دروستکردنی هێزی دەریای زەبەلاح دەبێت بنکەی سەربازی ستراتیژی لەپشت دەریاکانەوە هەبێت) .

یەکێکیتر لە بیروڕاکانی ماهان ئەوەیە بازرگانی گشتی دەرەوەی ووڵات دەبێت دووربێت لە کاریگەریەکانی شەڕ ئەمەش لەبەر گرنتیدان بە خۆشگوزەرانی گەل ئەمەش بەبیروڕای ماهان ئەمەش ڕوونادات تەنها بەدوور خستنەوەی دوژمن لە ئاوی هەرێمیی ووڵات بە بەندەرەکان و کەنارەکانەوە . وە ئامۆژگاری ئەوەشیکرد کە هاوپەیمانیەك لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا لەپێناوی دەست گرتن بەسەر جیهاندا بەتەواوی لە ڕێگەی بنکەی وشکایی سەرەکی کە بڵاو ببێتەوە لە لێوارەکانی هەردوو کیشوەری ئەوروپا و ئاسیادا . وە لە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پێـشبینیەکانی جێبـەجێکردنی جۆرێـك لـە هاوپـەیمانی لـەنێوان (ویلایەتـە یـەکگرتووەکان و بـەریتانیا و ئـەڵمانیا و یابـان) لـە دژی (ڕوسـیا و چـین) . هـەروەها بـاوەڕی وابـوو ك ڕوسـیا تاکـە ولاٚتـە دەستنیـشان بکـرێ بـۆ سـەرکردایەتی کیـشوەری لـە دڵـی زەویـدا (ئۆراسیا) . ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی (٣٠ – ٤٠) ی باکور داینـاوە بـە پـشتێنەی بەیەکـدادان و بەیەکـدا کێشان (Crush zne) نێـوان هێـزی وشـکایی (مەبەسـتی ڕوسـیایە) و هێـزی دەریـایی (مەبەسـتی ئینگلتەرایـە) کـە خـاوەنی سـەرکردایەتی دەریـایی بـوو ئەوکاتە . ماهان گرنگیەکی وای نەداوە بەژمارەی ولاتە داگیرکراوەکان کە دەسکەوتی ئینگلتەرابوو لە پشت دەریاکانەوە سەرەڕای ئەوەی کە هەستی دەکرد بە سوودی ئابووری و ستراتیژی کە هەیانە , بەڵکو پێـی لەسـەر قەوارەی چونەناو ئابووری ولاٚتانی جیهانی دەرەوە بۆ ڕیچگە خۆشـکردن بـۆ دروسـتکردنی ئـەوەی کـە پێـی دەوتـرێ ئیمپراتۆریـەتی ئابووری دادەگرت . لێرەوە ماهان توانی چواچێوەی ڕامیاری ئابووری (ئیمپریالیـستی) ویلایەتـە یـەکگرتووەکان دیـاری بکـات لـە بەرهـەم هێنانی سەرمایەکەی لەدەرەوەی چوارچێوەی سنووری جوگرافی .

دەنگدانەوە و ڕەخنە لە بیردۆزەکەی ماهان :–

بیردۆزەکـەی ماهـان لـە هێـزی دەریـایی سـەرنجی زۆری گرنگـی لێپرسـراوان و نوسـورانی ڕاکێـشاوە لەسـەروی هەموویانـەوە سـەرۆکی ئـەمریکی (تیـۆدۆر ڕۆزفلـت) کـە هەوڵیـدا بـۆ جێبـەجێکردنی زۆربـەی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بنـەماكانی وەكـو لەپێـشەوە باسمـانكرد . لـەنێوان ئەوانـەی كـە ئـەم بیردۆزە سەرنجی ڕاكێشاون ئیمپراتۆری ئەڵمانی (ویلیـەمی دووەم) كە فەرمانی بە دەریاوانە ئەڵمانیەكان دا كە كتێبەكانی ماهان بخوێننەوە بەتایبەتی كتێبی (كاریگەری هێزی دەریایی لەسەر مێژوو) ئەمەش لەبەر ئەوە دەیویست كەشتیگەلێك دروست بكات كە ململانێی كەشتیگەلی بەریتانیا بكات . بەڵام لەسەر ئاستی نوسەران و لێكۆڵەرەوەكان دەبینین (فریدریش ڕانزال) دەسەلاتداریێتی دەریایی و فراوانكاری هەرێمی كاری تێكردووە هەتاوەكو شوێن پێی بەسەر بیروڕاو تێگەیشتنەكانی جیۆپۆلەتیكی دیارە , هەروەها سەرنجی (كارل هاوسهۆفەری) ی ڕاكێشاوە و گرنگی داوە بەلێكۆڵینەوەكانی و ئامۆژگاری ئەوەشی كردووە كە كتێبەكانی ماهان لە پەیمانگای جیۆپۆلەتیك كە ساڵی (١٩٢٤) دامەزرا بخوێنرێت هەروەها لە دانیشگای میونیخ .

ئەو ڕەخنانەی كەلە بیردۆزی (هیزی دەریایی) گیراوە ئەوەی كە زانای ئینگلیزی ماكندەر ڕای گەیاند كە هێزی كەشتیگەلی بەریتانی كەماهان وەكو پێوەرێك دایـنابوو بۆ هێزی دەریایی گەڕاندیەوە لەبنەڕەتدا بۆ جێگەوشوێنی دوورگەكانی بەریتانیا لەنزیك بەشی وشكایی ئەوروپا , هەروەها پشت بەستنی بەریتانیا لە هێزیدا بەسامانەكانی ولاتە داگیركراوەكان و شوێنكەوتوانی وشكایی و پشتگیری كردنی هێزە دەریاییەكان بە بنكە سەربازیە كیشوەریەكان .

هەروەها جوگرافیناسی ئینگلیزی (فۆست Fawcett) لە ڕەخنەكانیدا بۆ بیردۆزەكەی ماهان , بۆ كەمكردنەوەی ڕووبەری

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ناوچەیی کە هێزی دەریا دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە بەرامبەر فراوانی ناوچەیی کە لەژێر دەسەڵاتی هێزی وشکاییدا هەیە .

پاش دانانی بیردۆزەکەی ماهان بەماوەیەکی زۆر یەکێك لە لێکۆڵەرەوەکان ناوی ناوی (میلێن Walter Milis) هەوڵیدا کە چاو بخشێنێتەوە بە بیردۆزەکەدا بۆ تێگەیشتنی (هێزی دەریایی) لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی شەڕی کۆریا و دیمەنەکانی پێشبڕکێی چەکسازی لەنێوان وڵاتەکاندا و بەیەکداچوونی بیروبۆچون و ڕاگۆڕینەوە لەسەر گرنگی تێگەیشتنە ستراتیژیەکان بەتایبەت پاش جەنگی جیهانی دووەم . ئەوەی لە مەقالەکەیدا هاتووە کە ساڵی (١٩٥١) بڵاوی کردەوە لە ڕەخنەی بیردۆزەکەی ماهان ئەمانەن :

١- ماهان پلەیەکی زیاتری کاریگەری دابوو بە هێزی دەریایی لە بواری کاریگەریەکان لە سنورەی تواناو دەسەڵاتدا . لەسەر ئەم بنەمایە سیفەتی سەربەخۆیی پێ بەخشیوە لە بەدەست هێنانی سەرکەوتنەکاندا . لەکاتێکدا ملز توانای کاریگەری بەیەکسان داناوە بۆ هەریەك لە هێزی دەریایی و هێزی وشکایی لەکاتی هێرش بردندا و لەکاتی گەمارۆدا . لەکاتێکدا دەبینین کە کەشتیە چەکدارەکان هێزی خۆیان دەنوێنن بەشێوەی جۆراوجۆر وەکو تێك شکاندن و گەمارۆدان و داخستنی ڕێگا دەریاییەکان لە هەمان کاتیشدا هێزە وشکاییەکان هەمان کار ئەنجام دەدەن .

٢- ماهان وشەی (هێزی دەریایی) بەکارهێناوە ئەمەش لەگەڵ ڕاستیدا یەك ناگرنەوە لە دیدی ملزدا لەبەر ئەوەی دەریاکان و ئۆقیانوسەکان گرنگی خۆیان دەست دەکەوێت لە پەیوەندیەکانیاندا بە هێزی وشکاییەوە ئەمەش لەبەر ئەوەی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئامانجی هەموو شەڕێك داگیرکردنی زەویە و دەست بەسەراگرتنی سامانەکانی و دانیشوانەکەیەتی .

٣-ئەوەی میلز ئاراستەی کردووە بۆ هێزی دەریایی دەرخستنی توانای دەست بەسەراگرتنی دەریایە بەشێوەیەکی گشتی , ئەمەش ناگونجێ لەگەڵ ڕاستیەکاندا , ئەمەش لەبەر سەختی دەست بەسەراگرتنی دەریا بەگشتی بەهیچ شێوەیەك جیاوازی نیە لەگەڵ دەست بەسەراگرتنی ئاسماندا .

٤- ئەوەی دادەنرێت بە بوارێکی دابڕاو لە دەریا ناچێت , ئەوەش لەڕێگەی ئامادەکردنی فڕۆکە و چەکی ئاسمانی پێویست سەرەڕای کەشتیگەلی دەریایی . هەرچەندە زۆربەی شەڕەکان دیارترینیان جەنگی جیهانی دووەم سەلماندویانە پێویستی هاوکاری و پێکەوە نوسانی سێ هێزەکە کە هێزی دەریایی و وشکایی و ئاسمانیە بۆ دەست کەوتنی سەرکەوتن و دەسەڵات بەسەر جیهاندا .

ئەم بۆچوونانە و سەرنەکەوتنی هێزی ئاسمانی لە دەستەبەرکردنی سەرکەوتن لە شەڕی جیهانی دووەمدا بووەهۆی گۆڕانکاری لە زۆربەی پلانە ستراتیژیەکانی ئەمەریکادا . دەزگا سەربازیەکانی ئەمەریکا پاش ساڵی (١٩٤٥) پەیڕەو پرۆگرامی خۆی کرد بە (یەکێتی هێزی سەربازی) کە بریتیە لە بەکارهێنانی فڕۆکە و کەشتی و ئامێرەکانی سەرزەوی لەیەك کاتدا , بە شێوەیەك ئەم هەموو جۆرانە یەکەیەکی شەڕکەری تەواوکەری یەکتری دروست بکەن . کە ئامانجی کۆکردنەوەی ئەم هەموو جۆرە هێزە سەربازیانە بەئامانج گەیشتنی پلانی ڕامیاری لەسەر زەوی بێت , دەکرێت هەموویان بخرێنە ژێر بۆچوونی هێزی وشکاییەوە .

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

یەکێکیتر لەڕەخنەگرەکانی بیردۆزی ماهان جوگرافیناسی سیاسی (سپروت Harold Sprout) کە مەقالەکەی ساڵی (١٩٦٣) نوسی و تێیدا بیروڕا و بۆچوونی جیۆپۆلەتیکی کاریگەر بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای تازە دەرخستبوو . ڕەخنەی لە ماهان گرتبوو بەوەی لەکاتی خۆیدا ماهان ڕەچاوی گۆڕانکاریە خێرا و بەردەوامەکانی بواری پیشەسازی و گواستنەوەی نەکردبوو لە ماوەی نێوان (١٨٩٠ – ١٩٠٠) , بەتایبەتی هۆکاری گواستنەوەی وشکایی و بەکارهێنانی ژێردەریایی و فڕۆکە . لەبەر ئەوە بڕیاری داوە بەسەر ئەو ڕووداوانەی کەلە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا ڕوویانداوە بە عەقڵیەتی سەدەی حەڤدەیەم . هەروەها پێوانەشی بۆ زیادبوونی هێزوتوانای ئاسمانی لە سەپاندنی گەمارۆ و هێرش بۆسەر وڵاتە دوورگەییەکان و ململانێی هۆکارەکانی گواستنەوەی ووشکایی و هۆکارەکانی گواستنەوەی دەریایی نەکردووە بەمەش تای تەرازوو ناشکێتەوە بەلای هێزی دەرياییدا کە بریتیبوو لە بەریتانیا لەو کاتەدا .

یەکسانی لەنێوان هێزی دەریایی جیهانی پشت نابەستێت بە ژمارەی پارچە دەریاییەکان و قەوارەی باری کەشتیەکان بەتەنها , بەڵکو شوێنی جوگرافی وڵاتەکان هۆی بنەڕەتییە لە دیاریکردنی ستراتیژی هیچزی دەریایی . بۆ نمونە دەبینین هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی هێزێکی دەریایی وایان نیەیە کە گرنگیەکی گەورەی هەبێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەڵام بەجیچگەوشوێنن و ڕوانینیان بەسەر گرنگترین ڕێڕەو و تەنگەی دەریایی گەورە وەکو (جەبەل تاریق , کەناڵی سویس , تەنگەی باب مەندەب , تەنگەی هورمز) کە دەتوانن جوڵەی هێزی دەریایی وڵاتە زلهێزەکان ئیفلیج بکەن .

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لەکۆتاییدا دەبێت وشەیەك دەربارەی بیردۆزی هێزی دەریایی بوترێت , تەقینەوەی دانیشتوان کە زۆربەی هەرێمە فراوانەکانی گۆی زەوی تیایدا دەژی کە دەبێتەهۆی بنەبڕبوونی زۆربەی سامانی سروشتی زەوی , ئەمەش پاڵدەنێت بەحکومەتەکانی وولاتانەوە بۆململانێ لە داهاتوودا لەسەر دەریاکان وئۆقیانووسەکان بۆ وەبەرهەم هێنانیسامانە سروشتیەکان تیایاندا ، ئەم ململانێ یەش لەنێوان وڵاتاندا ڕایان دەکێشێت بۆ پێویستی زۆرکردنی خەرجی دارایی تایبەت بە دروستکردنی هێزی دەریایی لە پێناوی پاراستنی مافی وڵاتەکان لە دەریا و ئۆقیانوسەکاندا .

لێکۆڵینەوەی سێیەم

نیکۆلاس سبایکمان Nicholas J.spykman (١٨٩٣ – ١٩٤٣)

مامۆستابووە لە پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی لە دانیشگای (ییل Yale) لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا . یەکێکە لەو نوسەرانەی دەرکەوتن لە چارەکی کۆتایی سەدەی ڕابردوو لە ئەمەریکادا , کاتێك بابەتی گرنگیدان بە دەسەڵات بەسەر جیهاندا ڕایکێشابوون بۆ شیکردنەوەی لەبەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوە جوگرافیەکاندا . ئارەزووی ئاراستەی دیاریکراوی بەرەو لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان (بابەتی جوگرافیا) لەلایەك و (سیاسەتی دەرەوەی وڵات) لەلایەکیترەوە , بەواتایەکیووردتر بەرەو لێکۆڵینەوەی کێشەکانی هێز و کاریگەری لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا . سبایکمان زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی ئەم بابەتە بڵاو کردووەتەوە کە زۆربەی ڕاوبۆچوونەکانی لەخۆ گرتووە لەوانە ((جوگرافیا هۆکاری بنەڕەتیە بۆ سیاسەتی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەرەوەی وڵات , لەبەرئەوەی هۆکارەکانی زیاترین هۆکاری بەردەوامە بەدرێژایی کات , لەبەرئەوە دەبێت لێکۆڵینەوەی جێگەوشوێنی هەر وڵاتێك لە وڵاتان جوگرافیانە بێت هەتاوەکو بتوانرێ سیاسەتی دەروەی بزانێن)) .

وە دیارترین لێکۆڵینەوەی لەبارەی جوگرافیاوە ئەو کتێبەیەتی کە بڵاوی کردەوە لەژێر ناونیشانی (جوگرافیای ئاشتی Geography of the peace) لە ساڵی (١٩٤٤) , واتە کەمێك پێش لەدنیا دەرچوونی . لەم کتێبەدا زۆر لە ڕێگا تایبەتەکانی کورت کردبووەوە کە تایبەت بوون بە بیری جیۆپۆلەتیکی . وە لەم بیروڕایانە ((هێزی نیشتمانی هۆیەکی جیاکەرەوە و کۆتاییە لە بێوەیی وڵات و ئاشتی نایەتەدی جگە بە دروستکردنی هێزێك پشتگیری بکات , لەبەر ئەوە ناتوانرێت بنەماکانی دابنرێت جگە لە وڵاتە زلهێزەکان)) . یەکێکیتر لەڕاکانی ئەوەیە ((تاکەهۆ بۆ بەئامانج گەییشتنی ئاشتی هەمیشەیی دۆزینەوەی سیستمێکی بەکۆمەڵە بۆ ئاشتی وەکو دامەزراندنی (کۆمەڵەی نەتەوەکان – عصبه الامم) و چەکدار بکرێت , یان دروستکردنی پەیرەوێکی نێودەوڵەتی بۆ هاوسەنگ کردنی هێزەکان)) . وە نوسەر هەستی بە گرنگی هۆکاری کات کردووە لەزانستی جیۆپۆلەتیکدا و وتویەتی ((مەڵبەندی وڵات لەلایەنی جیۆپۆلەتیکەوە دەوەستێت لەسەر جێگیری جێگەوشوێنی جوگرافی و پەیوەندی بە چەقی قورسایی جیهانیەوە . لەبەرئەوەی چەقی قورسایی لە گۆڕانی بەردەوامدایە , گرنگی و نرخی جێگەوشوێنی جوگرافی هەروەها لەگۆڕاندایە)) .

سبایکمان تێکچوونی ئاسایشی لە جیهاندا گێرشاوەتەوە بۆ نایەکسانی لە دابەشکردنی هێزی سەربازی لەنێوان ئەو وڵاتانەی کە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەژین لە کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا , بەلام لەژێر سێبەری دەسەلاتی نیودەوڵەتیدانین . نەبوونی ئەم جۆرە دەسەلاتە نێودەوڵەتیە وای کردووە جۆرێك لە سەربەستی بۆ ولاتان لە پەیوەندیەکانی دەرەوەیدا زامن بکات , ئەمەش بووە بەهۆی ململانێ لەنێوانیاندا لە بواری دروستکردنی هێز و سبایکمان بۆ زامنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سێ ڕێگا دەبینێت کە ئەمانەن :

١-ڕێگەی تاکەکەس: واتە هەموو ولاتێك چی لەتوانایداهەیە لەهەوڵوکۆشش بدات بەشێوەی تاکەکەس بۆ هەستان بە پەیڕەوێك بۆ بەرگریکردنی نەتەوەیی دروست کرابێت لەسەر بنەمای خۆپاراستن بەرەششماڵی سروشتی وەکو چیاکان و بیابانەکان و دارستانەکان و ڕوبارەکان و...هتد.

٢-ڕێگەی هاوکاری دووقۆڵی: لەنێوان ولاتاندا وەستابێت لەسەر بنەمای یەکگرتنی ولاتانی یەکسان و هاوسەنگ لە هێزدا یان لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی یارمەتی لە ولاتە بەهێزەکانەوە بۆ ولاتە لاوازەکان.

٣-ڕێگەی ئاسایشی بەکۆمەڵ: لەسەر بنەمای لێپرسراوێتی هەموو ولاتان لە زامن کردنی ئاسایشی هەموو ولاتێك لەسەرشێوازی کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم).

بەلام ئەوەی پەیوەندی بە بیردۆزەکەی ماکندەرەوە هەیە سبایکمان ڕەخنەی لێگرتووە و دەڵێ : دڵی زەوی ئامادەکاری جوگرافی تیاذیـیە بۆ گواستنەوە و گەیاندن و جوڵە و چالاکیە ئابووری و کشتوکاڵی و پیشەسازیەکان تا بۆ پێشەوەی ببات بۆ دەست کەوتنی کۆنترۆڵی بەڕێوەبردن لە جیهاندا , لەبەر ئەوە دایناوە بە دڵێکی مردوو کە بۆ

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ژیان لێنادات بە وتەی نوسەر لەبەر ئەوەی دەکەوێتە ناوچەی جەمسەری بەستەڵەکەوە و دارستانە سنۆبەریەکان بەشێکی گەورەی لێ داپۆشیوە . هەروەها بەشێکی گەورەی پێك دێت لە بیابانی گەرم و وشك و ڕوتەڵە . وە لە دڵی زەویدا سامانی کانزایی زۆری تیاذییە جگە لە هەردوو هەرێمی تورکمانستانی ڕوسیا و چیای ئۆرال . وە بیروباوەڕی وابوو کە هێزی یەکێتی سۆڤیەتی جاران کۆدەبێتەوە تەنها لە بەشە ئەورووپییەکەیدا لە ڕۆژئاوای چیای ئۆرالەوە . ئەمەش لەبەرئەوەی پێشکەوتنی بنچینەیی لە هەڵس و کەوتی کشتوکاڵی و ئامێرەکانیدا بەچڕی دەمێنێتەوە لە ڕوسیای ئەورووپی نەك لە سیبریا . هەروەها زۆربەی سامانی هێزی جوڵێنەر و هەندێك پێویستی تر بۆ پیشەسازی کۆدەبێتەوە لە ڕوسیای ئەورووپیدا نەك لە سیبریادا . وە لەسەر ئەم بنەمایە سبایکمان گرنگی دڵی زەوی کەمکردەوە و ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕێت لە ڕامیاری نێودەوڵەتیدا , وە هەرێمی کەوانەی ناوەوەی لە بیردۆزی ماکندەردا ناوی لێنا بە (چوارچێوەی کیشوەری Rim land) لەبەر ئەوەی وڵاتانی ناو ئەم چوار چێوەیە زۆربەی دانیشتوان و سامانی سروشتی تێدایە . ئەم چوارچێوەیە ناوچەی گوازراوەی ناوەڕاستی ناوبردووە بەناوچەی بەیەك گەیشتن یان (پێکدادان Crashzone) لەنێوان هێزی دەریایی و هێزی وشکایی کە بە یەکێتی سۆڤیەتی جاران ناو دەبرێت . وە ناوچەی چوارچێوەی کیشوەری ئەم ناوچانە دەگرێتەوە (کیشوەری ئەوروپا جگەلە ڕوسیا , ئاسیای بچوك , وڵاتە عەرەبیەکان , ئێران , ئەفغانستان , هندستان , باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا , چین , کۆریا , ڕۆژهەڵاتی سیبریا) کوردستانی گەورەش دەگرێتەوە. وە لەبەر ڕۆشنایی بیروڕاکانی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سبايكمان كۆتـايى هێنـا بـه ڕاسـتكردنهوهى بيردۆزهكـهى ماكنـدهر لـه ستراتيژى جيهانيدا بهم شێوهيهى خوارهوه :-

١- هەركەسـێك دەسـت بگرێـت بەسـەر چوارچـێوەى كيـشوەريدا حوكمڕانى ئۆراسيا دەكات .

٢- هەركەسـێك حـوكمڕانى ئۆراسـيا بكـات دەسـت دەگرێـت بەسـەر جيهاندا .

هـەروەها ئامـاژەى كـردووه بـۆ گرنگـى جێگەوشـوێنى دوورگـەكانى بـەريتانيا و دوورگـەكانى يابـان وەكـو سـەنتەرێك بـۆ هێـزى ڕاميـارى هەردوولاى ئۆراسيايان گرتووه لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوه بەدواى يەكدا . هەروەها پيشەسازى چين و هيندستانى ڕەچاوكردووه كه هەڕەشه لـه ئاشتى دڵكه بكات له داهاتوودا . بەڵام بەنيسبەت ئەفەريقا و باشـورى بيابانى گەوره و ئوستراليا داينـاون بەناوچەى دابڕاو و دوور .

وه لەسـەر ئاسـتى مـەوقيفى نێودەوڵـەتى سـبايكمان گـۆى زەوى دابەشكردووه بۆ دووبەش كه ئەوانيش :-

١- بەشـى ڕۆژهـەڵات : كـه كيـشوەرى ئاسـيا و ئەفـەريقا و وسـتراليا دەگرێتەوه .

٢- بەشى ڕۆژئاوا : كه پێك دێت له هەردوو ئەمـەريكاى باكور و باشـور .

پاشـان ئـەوەى كـرد بەشـى ڕۆژهـەڵاتى گـۆى زەوى دەورى هـەردوو ئەمـەريكا دەدات لەلايـەن جێگەوشـوێن و فراوانـى و شـێوه و ڕووبـەرى دوو ئەوەنـــدەونيوى ڕووبـــەرى بەشـــى ڕۆژئاوادەبێـــت . هـــەروەها دانيشتوانى ده ئەوەندەى دانيشتوانى هەردوو ئەمەريكاكه دەبێت , لـه ئامێزيـــدا هـــەردوو ســـامانى ئاســـن وخـــەڵوزى بـــەردى بەڕادەيـــەكى

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

گەورەھەیە ھەتاوەکو گەشتە ئاستی بەرھەم ھێنانی جیھانی کۆن ساڵی (١٩٣٧) زیاتر لە بەرھەم ھێنانی جیھانی لە ھەردووکیان . لەسەر ئەم بنەمایە لێکۆڵینەوەی زانستی سبایکمان داینـاوە کە بەشی ڕۆژئاوای جیھـان خـۆی ناگرێـت لەبـەردەم بـەرەی ڕۆژھـەڵاتی جیھـان لـەکاتی ڕوودانی جەنگی جیھانی لەنێوانیاندا , لەبەرئەوە ئامۆژگاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای دەکرد کە چی لە توانایدا ھەیە ھەوڵ و کۆشـشی خـۆی بـدات لەڕێگـەی دیبلۆماسـیەوە بـۆ تەگەرەخـستنەبەر ھەمووجۆرێك لـە ھاوکـاریکردن و نزیـك بوونەوەیـەك لـەنێوان ئاسـیا و ئەوروپادا کە دەبێتەھۆی پشتگیری کردنی بەرەی ڕۆژھەڵات . بەمەش وازی نـەھێناوە بەتـەنیا بـەڵکو داوای کـردووە کـە ئاراسـتەی ڕامیـاری خـۆی بـەرەو دەسـت بەسـەراگرتنی ولاّتـانی ناوچـەی چوارچـێوەی کیـشوەری بکـات , یـان بـەلانی کەمـەوە کۆسـپ خـستنەبەر ھـەوڵ و کۆششی ڕوسیا بۆ دەست بەسەرا گرتنی ولاّتانی ئەو ناوچەیە , وە ئـەوەی پەیوەنـدی بـە کیـشوەری ئـەوروپا و کەنارەکانیەوەھەیـە وای ڕەچاو کردووە ناتوانرێ دەستی بەسەرا بگیرێ جگە لە ھاوکاری نێوان ھێزی دەریایی و وشکایی بە ڕێك کەوتن لەنێوان بەریتانیا و ڕوسیا و ئەمەریکادا ئەنجام بدرێت .

کاتێك شەڕی جیھانی دووەم ھەڵایسا دەسەڵاتی ئەڵمانی دەستی بە فراوان بـوون کـرد سـاڵی (١٩٤٢) بـەرەو ڕۆژھـەڵات ھـەتاوەکو (Cape North) لە باشورەوە تا (دکار) , ھەروەھا دەسەڵاتی یابانی فراوان بوو ڕووەو ڕۆژئـاوا لـە بـاکورەوە مەنـشوریا تـاوەکو کـەنارەکانی چـین , لەباشـورەوە بـۆ نیۆغینیـا و دوورگـەکانی سـەلەمۆن , ویلایەتـە یەکگرتوەکان ھەستی بە ترسناکی بارودۆخەکە کرد بەنسبەت خۆیەوە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

، ترسـی ویلایەتـە یـەكگرتوەكان زیـاتربوو بەتایبـەت پـاش ئـەوەی هاوپـەیمانی ئـەڵمانیا لەگـەڵ یابان سـەریگرت . لەبەرئـەوە ئەمـە هـەوڵی دەورگرتنـی ئەمەریكایـە دابڕنیـەتی ، پـاش ئـەو لێـدانی بـەهێزێكی ئۆراسی یەكگرتوو كە ئاسایش و سـەربەخۆیی لەناوبەرن . لەبەر ئەوە سـبایكمان هـانی ویلایەتـە یـەكگرتووەكانی ئەمـەریكای دا بـۆ بەشداریكردنی جەنگی جیهانی دووەم پێش وەخت بۆ پاراستنی خۆی ، كاربكـات بـۆ كۆسـپ خـستنەبەر هـەر یـەكگرتنێكی بـەهێز یـان دەركەوتنی وڵاتێكی گەورە كە ململانێی بكات لەناوچەی جیهانی كۆندا هەتاوەكو واداری نەكات بە هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی سێیەم لـە داهـاتوودا . وە بـەكردەوە ویلایەتـە یـەكگرتوەكان بەشـداری جـەنگی جیهانی دووەمیكرد بە ڕێكـەوتن لەگـەڵ وڵاتـە هاوپەیمانـەكان (الحلفاء) بۆ وەستاندنی فراوان بوونی ئـەڵمانیا كـە یـەكێك بـوو لـە پـاڵێوراوانی دەست بەسەراگرتنی هەموو وڵاتانی ناوچەی چوارچێوەی كیشوەری و پاشان بەسەر جیهان هەموویدا بـەهۆی پێشكەوتنی ئـەڵمانیا لـە هێـزی دەریایی و ئاسمانی بڵاو لەدەوری ئۆراسیادا .

سبایكمان ئامۆژگاری ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمـەریكای كـرد كـە بۆ هێزەكانی بنكـەی دەریـایی و ئاسمانی دروست بكـات لـە دوورگـە و دەریاكانی دەوروبەری پارچەی ئۆراسیا ، كێشەی هاوسـەنگی هێـز لـەم ناوچـەیەدا ببێتـە هۆكـارێكی گـرنگ پـاش (١٩٤٥) هـەروەها جـەنگی جیهـانی دووەمـیش . ئـەوەش ڕوودەدات بەڕاسـتی هـەتاوەكو ڕۆژی ئەمڕۆ .

یـەكێك لـە پێشبینیەكانی ئـەوەبوو كـە یـەكێتی سـۆڤیەتی جـاران و چین ڕۆڵـی خۆیـان ببینـن لـە فشار خستنەسەر وڵاتـانی (ڕمدانـد) پـاش

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

جەنگی جیهانی دووەم . وە لەکیشوەری ئەورووپادا ڕەچاوی سێ ناوچەی زۆر گرنگی کرد کە ئەمانەن (ئەڵمانیا , فەرەنسا , ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا) ئامۆژگاری ئەوەشی کرد کە هیچ کامیان نەمێنێ بەشێوەی تەنها بەهیچ شێوەیەك . وە بە کردەوە یەکێتی سۆڤیەتی جاران ڕۆژهەڵاتی ئەورووپای خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و ئەڵمانیای دابەشکرد لەنێوان خۆی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و فەرەنساو ئینگلتەرا وەکو ئەنجامێك لە ئەنجامەکانی جەنگی جیهانی دووەم .

لە کۆتاییدا تاکە وشەمان بۆ سبایکمان ئەوەیە کە ئامانجی فەراهەم کردنی ئاشتی بوو لە جیهاندا بەڵام لەڕێگەی بەکارهێنانی هێز بۆ گەشتنی ئەم ئاشتیەیە بە بیروبۆچوونی ئەو .

لێکۆڵینەوەی چوارەم

ئەلیکسەندەر دی سفرسکی Alexander P.de seversky

یەکێك بوو لە پیاوانی هێزی ئاسمانی ڕوسیا . تێگەیشتنی هێزی ئاسمانی لەگەڵ ناوی ئەودا یەکی گرتبوو سەرەڕای بوونی زۆر کەس لەپێش ئەوەوە بۆ نوسین لەبارەی گرنگی ئەم هێزە لەلایەن جیۆپۆلەتیکەوە و ئەوانەی کاریگەری هەبوو لەسەریان . پاش پێشکەوتنی فڕۆکە و دەرکەوتنی گرنگی و کاریگەری لەسەر پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی , بۆ نمونە (میکدایش A.macleish) دەرکەوت بە بڵاوکردنەوەی مەقالەکەی ساڵی (١٩٤٢) لەژێر ناونیشانی (پێشبینی سەرکەوتن) کە تیایدا وتبووی : فڕۆکە گۆڕانکاری دێنێت بەسەر جوگرافیای جیهان و مێژووەکەیدا و هێزی ئاسمانی بڕیاری سەرکەوتن دەدات . هەروەها دەستە نوسەرانی گۆڤاری (Fortune)

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ساڵی (١٩٤٣) ئاماژەیان کرد لەم بارەیەوە : هەرکەسێك بتوانێت دەست بگریچت بەسەر بنکە ئاسمانیە سەرەکیەکاندا ڕۆژانی پاش جەنگ , دەبێت بە گەورەترین هێز لە جیهاندا . (ولیەم بۆردن William A.M. Burdon) لە مەقالەکەیدا لە هەمان ساڵدا بڵاوی کردەوە بەناونیشانی (ئاراستەی هێزی ئاسمانی ئەمەریکا بەرەو باکور) کە تیایدا هاتووە : لە دە یان بیست ساڵی داهاتوودا دەبینین فڕۆکەکان دەگەنە سەرچاوەیەك کە گرنگی گەورەی هەبێت لە سێ کێڵگەی چالاکی مرۆڤدا بەلانی کەمەوە :

١- دەبێت بە چەکێکی بەدەسەڵات لە بواری جەنگدا .

٢- سەردەکەویچت بەسەر سوپای زەمینی و دەریاییدا .

٣- لەبواری گواستنەوەشدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ .

لەو نوسەرە جیۆپۆلەتیکیانەی کەوتونەتە ژێر کاریگەری هێزی ئاسمانی (چارلس هارد Charles Hard) کە وتویەتی : هێزی ئاسمانی کە ئێستە دەتوانێت ڕێڕەوی جەنگ بگۆڕێ , تا ڕادەیەکی زۆر , هەروەها دواڕۆژ ئاشتی دیاریدەکات .

ڕینر Renner دادەنرێت لەنێوان ئەو ڕۆشنبیرانەدا کە کە جێ پێیەکیان لە تێگەیشتنەکان و بیروباوەڕی سفرسکی دەرکەوێت لەساڵی (١٩٤٤) بە بۆچوونێك کە دەڵێت : دڵێکی تازەی زەوی پێك دێت لە دووبەش , بەشی یەکەمی دڵی زەوی داگیر دەکات کە بریتیە لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران و بەشی دووەم کە بچوکترە بریتیە لە ئەمەریکای باکور , کە گەیشتونەتە چڵە پۆپەی هێز و پێشکەوتن . ئۆقیانوسی جەمسەری باکور ئەم دووبەشە بەیەکەوە دەبەستێ کە دادەنرێت بە بازنەی گەورە لە بازنەکانی هێڵی پانی . وە دەزانرێت کە ماوەی نێوان

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەو ناوچانەی دەکەونە درێژایی بازنەی گەورەوە زۆر کەمترن لەوانیتر .
لەبەر ئەوە گونجاوە بۆ بەکارهێنانی چەکی ئاسمانی , بەتایبەتی ئەم دڵە مەترسی لێ دەکرێت لە هێرشی هەردوولا بەسەر ئۆقیانوسی جەمسەری باکوردا . کەواتە ئەوە دەرگای چونەژوورەوەیە بۆ دڵی زەوی و پاشان دەسەڵات بەسەر جیهاندا بەگشتی .

بەڵام باشیگەورە لە نرخاندنی چەکی ئاسمانی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ زانا سفرسکی , ئەمەش لە کتێبەکەیدا ساڵی (١٩٥٠) بڵاوی کردەوە لەژێرناوی (هێزی ئاسمانی کلیلی مانەوەیە Airpower Key to sarvival :) کە نەخشەیەکی جیهانی تیایدا هاتووە لەسەر بنەمای داکەوتوویی جەمسەری بۆ ماوەکان و لادانە ڕاستەکان بەم شێوەیەش نیوەی ڕۆژئاوای جیهان دەکەوێتە باشوری جەمسەرەوە نیوەی ۆژهەڵاتی دەکەوێتە باکورەوە .

مەبەست لەم نەخشەیە دیاریکردنی کایەی هێزی ئاسمانی هەردوولا یەکێتی سۆڤیەتی جاران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و توانای دەست بەسەراگرتنی کیشوەرەکانی جیهان , پاش ئەوەی سفرسکی باوەڕی بە بیرۆکەی پێشکەوتنی چەکی ئاسمانی هێنا و خستیە ژێر ڕکێفی هێزی دەریایی و وشکاییەوە . لەسەر ئەم نەخشەیە دووبازنەی بچوکی دیاریکرد کە بریتین لە دڵی پیشەسازی ڕوسیا و دڵی پیشەسازی ئەمەریکا . بەڵام دووبازنە گەورەکە کە چوون بەیەکدا یەکێکیان (ئەوەی باکور) ناوچەی دەسەڵاتی هێزی ئاسمانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران دیاریدەکات , بەشێکی گەورەی کیشوەری ئەفەریقا و هەموو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و کەنارەکانی باکوری کیشوەری ئوستراليا دەگرێتەوە . وە بازنەی دوەم (ئەوەی باشور) دادەنرێت

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەناوچەی دەسەڵاتی هێزی ئاسمانی ئەمەریکا کە ئەمەریکای باکور و ئەمەریکای لاتین دەگرێتەوە .

بەلام ئەو بەشەی کە هەردوو دەسەلاتەکەی ڕوسیا و ئەمەریکا دەچن بەناویەکدا سفرسکی ناوی ناوە (ناوچەی چارەنوس) لەبەر گرنگی ستراتیژی . ئەم ناوچەیەش لە هەردوو سەرچاوەی پیشەسازی ڕوسی و ئەمەریکی پێك دێت لە (ئەمەریکای باکور و ئەوروپا ئەفەریقا و باکوری بیابانی گەورە و زۆربەی ئاسیا لە نێوانیاندا دوورگەکانی یابان و دوورگەکانی بەریتانیا) . لەم دیاریکردنەشدا وڵاتانی عەرەب و کوردستانی گەورە دەکەونە ناوچەی چارەنوس سازەوە کە گرنگیەکی گەورەی هەیە لە پێوانەکانی پلان دانەرانی سەروەری هێزی ئاسمانیدا . ئەوەی حوکمڕانی ئەم ناوچەیەبکات کە دەسەڵاتی هەردوو هێزی ئاسمانی جیهانی بەیەکدا دەچێت دەست دەگرێت بەسەر جیهاندا بەگشتی .

بەمە مەنتیقی بیردۆزەکەی سفرسکی دیاریدەکرێت :

١- هەرکەسێك سەروەری هێزی ئاسمانی هەبێت دەست دەگرێت بەسەر ناوچەی بەیەکداچونی دەسەڵات (ناوچەی چارەنوس سان) .

٢- هەرکەسێك حوکمڕانی ناوچەی چارەنوس ساز بکات دەست دەگرێت بەسەر جیهاندا بەگشتی .

لەم بیردۆزەوە دەسپێکی هەستکردن بە پێشکەوتنی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە بواری تەکنەلۆژیادا دەبینین , سفرسکی ئامۆژگاری دەکات کە گرنگی بدات بە پلانی سەربازی بۆ پێشکەوتنی هێزی ئاسمانی , ئەمەش بە دروستکردنی هێزی ئاسمانی لێدەر کە هیچ هێزێك بەسەریدا زاڵ نەبێت لە جیهاندا . هەروەها باوەڕی بووبە توانای

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

یەکیچتی سۆڤیەتی جاران و بەریتانیا لە دروستکردنی ئەم جۆرە هێزە ئاسمانیەدا .

هەروەها ڕەخنەی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەگرت لە هەڵگیرساندنی جەنگی ناوچەیی لە بوارێکی دیاریکراوی تەسك لە جیهاندا وەکو ئەوەی لەکۆریا و ئەندەنوسیا و ڤێتنام و ناوچەی وڵاتانی عەرەبی و قەوارەی ئیسرائیل , لەبەر ئەوەی ئەم جەنگانە بەڕای ئەو هێزی لەناودەدات بەبێ ئەوەی کاریگەری گەورەی هەبێت لە هێزی گەلانی ناوچەکە و هێزی وڵاتانی پشتگیریان وەکو یەکێتی سۆڤیەتی جاران و وڵاتە سۆشیالیستیەکانیتر . لەبەرئەوە ئامۆژگاری ئەوەی دەکرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا واز لەم سیاسەتە بهێنێت لەبەر ئەوەی بەجێهێنانی یاریەکی ترسناکە لەسەر داهاتووی جیهان . وە داوای لابردنی هەموو بنکە سەربازیەکانی دەکرد لە دەرەوەی وڵات لەبەر ئەوەی خەرجیەکی زۆری بێسوودی هەیە کە لەبەرامبەردا فڕۆکە دەتوانێ بۆ ماوەی دوورتر و کاریگەرتر کاربکات لە بنکە نیشتمانیەکاندا . هێزی ئاسمانی پێی خۆشە لەسەر زەوی نیشتمانەکەی کاربکات بەبێ ناچاربوون بە دروستکردنی بنکەی پێشەوە و ناوەڕاست کە بارگرانیەکی گەورەیە بۆ خەرجی .

دەنگدانەوە و ڕەخنەی بیردۆزەکەی سفرسکی :-

لە ساڵی (١٩٥٠) وە هەتاوەکو ئێستا دەبینین ئەوەی سفرسکی پیچشبینی کردبوو لە گرنگی هێزی ئاسمانی کە چی لەتوانادا هەیە بیکات لەکاریگەری لەسەر پەیوەندی نێودەوڵەتی خەریکە لە ڕاستی نزیك دەبێتەوە ساڵ لەدوای ساڵ . چەکی ئاسمانی لەم ساڵانەی دواییدا پێشکەوتنی بەدەست هێنا بەشێوەیەك کەسەرکەوت بەسەر

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

فڕۆکـەدا لـە خێرایـی و مـاوەدا . لـە نمونـەی ئەوانـەش موشـەکی کیـــشوەربڕەکان و مانگـــە دەســـتکردەکان و شـــوێنکەوتووە دروستکراوەکانی ئاسمانی و موشـەکی زەمین بەهـەوا و ... هتـد . وە لەتوانای ئەم موشەکانەدا هەیە کە ئامانجی خۆی بپێکێ زۆر بەووردی شوێنەکەی لـە هـەرکوێ بێـت لەسـەر گـۆی زەوی و هەرچـەندە بنکـەی هاویشتن دووربێت لە ئامانجەکەوە . هەروەها ژمارەی ئەو وڵاتانـەی کە گەیشتونەتە ئاستی توانای وێرانکاری هەردوولا زیادی کردووە بەهۆی ئـەم چـەکانەوە , گەیشتۆتە ڕادەی ڕووبـەڕوو بوونـەوەی ویـچرانکاری گشتی لەکاتی جەنگی جیهانی ناوەکیدا یان وێرانکاری بەشێك لـەکاتی جەنگی دیاریکراودا .

بەڵام ئەو ڕەخنانـەی کە ڕووبەڕووی بیردۆزەکـەی سفرسکی بووەوە ئەوەیە کە توندڕەو بووە لە نرخاندنی هێـزی ئاسمانی بەشێوەیەك وای کردووە کە گرنگی دوو هێزەکەی‌تر (دەریایی و وزەمینی) کـەم بکاتـەوە , بـۆ زانیـاریش کـە دیـاریکردنی سـەرکەوتن بەدەسـت نایـەت لـە بیروبۆچـونی زانایـانی تـر بـەوە نـەبێت کـە هاوکـاری و دەسـت لـەناو دەسـتی یـەکردنی هـەموجۆرەکانی هێـز بـەبێ جیـاوازی گرنگـی و کاریگـەری لەبەرەکانی جەنگدا . پاشان ئەو هـەوڵی ئـەوەی نـەداوە کە پلانی گونجاو بۆ دروستکردنی هێزی ئاسمانی و پێشکەوتنی دیـاری بکات , نە ئـەو پێوانەیە دەکرێت بەهۆیـەوە دەسـەڵاتی هێزی ئاسمانی بپێوێ .

سلی سۆر (Slessor) وا دەبینێت کە چەکی ناوەکی و پێشکەوتنی بێسنووری کاریکردووە بۆ دوورخستنەوەی خێوی جـەنگ و پاڵپشتی بنەماکانی ئاشتی جیهانیە . ئـەو پێشبینی جـەنگی جیهـانی سـێیەمی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نەکردووە بەهۆی توانای جەنگی ناوەکی سەرتاسەری لە ترسی گەورە و تۆقێنەر کە هەڕەشە لە دواڕۆژی مرۆڤایەتی دەکات بەگشتی . وە لەبەرئەوە وا بۆی چووە کە ڕۆڵی چەکی ئاسمانی دەمێنێتەوە وەکو دوورایی سێیەم بۆ تەواکردنی دوو دوورایییەکەی تر لەشەڕدا کە ئەویش هێزی دەریایی و هێزی زەمینیە .

ستراتیژی هەریەك لە ڕوسیا و ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانی دووەمدا ئەوەبوو کە هێزی ئاسمانی هەتاوەکو هێزی دەریاییش تەواوکەری چەکی سەرەکی بوون لەشەڕدا کە ئەویش هێزی زەمینیە . لەکاتێکدا بینیمان ئینگلتەرا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشت دەبەستن بە چەکی ئاسمانی بە پلەی یەکەم . بۆ گەیشتن بە هەندێك ئەنجامی ستراتیژی وەکو کاولکردنی هەندێك شار و کارگە و ڕێگاوبان و گواستنەوە و گەیاندن و ئەمباری تەقەمەنی و کوشتنی بەکۆمەڵ بۆ مەبەستی لاوازکردنی گیانی مەعنەوی (وورە) لەلای گەلان و پاشان کاریگەری لەسەر توانای شەڕکردن و ئیفلیج کردنی بەتەواوی . وەکو ڕژێمی عێراق جێبەجێی کرد لەکوردستاندا دژی گەلی کورد .

یەکێکی‌تر لە خاڵە لاوازەکانی بیردۆزەکە ئەوەیە کە نەخشەی جیهانی کێشاوە کە شتیچکی زۆر لاری تێدایە , بەجۆرێك ماوەی نێوان کیشوەری ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتین زۆر زیاترە لەوەی کە لە ڕاستیدا هەیە کە ئەمەش وا دەکات لە هەردووکیان کە بکەوێتە ژێر ڕکێفی یەکێك لە دوو هێزەکە (سۆڤیەتی و ئەمەریکی) بەدوای یەکدا . بەلام لە ڕاستیدا وانیە لەبەر ئەوەی دووری نێوان دوو کیشوەرە کە باس کراوە زۆر کەمترە لە و دووریەی هەریەکێکیان بۆ ئەو زەبەلاحە کە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی , هەتاوەکو هەندێك ناوچە لە کیشوەری ئەفەریقا

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

و ئەمـــەريكاى باشـــور دەكەونەســـەر يـــەك دووری لـــە ويلايەتـــە يەكگرتوەكانى ئەمەريكاوە .

وە لــە تێبينيــەكانىتر لەســەر بيردۆزەكــەى سفرســكى ئەوەيــە كــە جەمسەرى باكور گرنگى واى پێبەخشيوە كە لەگەڵ واقيعدا ناگونجێت . لەكاتێكدا دايناوە بەترسناكترين ناوچە لە جيهاندا و هەر هێزێكى ئاسمانى لە سێ هێزە ئامادەكراوەكان (يەكيچتى سۆڤيەتى جاران و ويلايەتە يەكگرتووەكانى ئەمەريكا و بەريتانيا) دەتوانێت دەستى بەسەردا بگرێت و ببێتە هى ئەو . ئەمەش لەبيروبۆچونى هەندێك لە لێكۆڵەرەوەكاندا كورت بينيە , لەبەرئەوەى هەندێك وولاتى دوور خستووەتەوە لە نيوەى باكورى گۆى زەوى يان لە جێگايەكىتر كە تواناو خاوەنى پێشكەوتنى سەربازى ئامادەكراوى هەيە كە ململانێ لەگەڵ ئەو سێ هێزەدا بكات كە سفرسكى دياريكردوون بۆ دەست گرتن بەسەر جيهاندا .

كتێبى (الجيوبۆلتيك)

كۆليژى جيۆلۆجى

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com